فایلی

# گفتوگۆ

## گفتوگۆ

*** مێزگردی شانۆی هەولێر لەبارەی ڕەوشی شانۆ**

ئا: مەسعودی مەلا هەمزە

*** قەیرانی شـــانۆ لە نێوان وەزارەتی ڕۆشنبیری و شانۆکاران دا**

ئا: کامەران حاجی ئەلیاس



# مێزگردی شانۆی هەولێر لەبارەی رەوشی شانۆ







**ئا: مەسعودی مەلا هەمزە**

بە ئامانجی قسەکردنی زیاتر و گۆڕینەوەی بیروڕاو گفتوگۆکردن لەبارەی قۆناغەکانی شانۆی کوردی و ئەو بەرهەمانەی جاران پێیان وتراوەو ئەزموونی و ئەو جیاوازیيانەی لە بیروڕای نەوەکان هەیە، گۆڤاری شانۆی هەولێر بە پێویستی زانی مێزگردێکی کراوە سازبکاو تێیدا بە وردی قسە لەسەر بابەتەکان و رەوشی شانۆ بکرێت.

ئەم مێزگردە بە بەشداری هەریەک لە "سەباح هورمز نووسەر و رەخنەگر، نیهاد جامی شانۆکار، مەهدی حەسەن دەرهێنەر و حەمەسوار عەزیزی رەخنەگر بەڕێوەچوو.

حەمەسوار عەزیز: تێڕوانینتان لەسەر دروست بوونی شانۆ لە کوردستان بە شێوەیەکی گشتی ئایە مەسەلە زەرورەتێکی وجودی شارەکان بوو یاخود کۆپی بوو گواستنەوەی هونەرێک بوو لە جێگایەک بۆ جێگایەکی تر ؟؟

سەباح هورمز: وەک وتت بەراستی گواستنەوەی وێنەگرتنەوەیەک بوو، بە تایبەتی لە هەشتاکان ئەو خوێندکارانەی یا ئەو شانۆکارانەی کە لە هەولێر بون ئینتیمای شانۆیان هەبوو دەچونە بەغدا لە وێ دەیانخوێند و ئەزموونی مامۆستاکانی خۆیان دەگواستەوە بۆ ئێرە، بۆیە ئەگەر بێی هەموو شانۆگەرييەکانی ئەو سەردەمە ببینی ئەزموونەکان تارادەیەکی زۆر گواستنەوەی کاری مامۆستاکانیان بوو، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە ئەوان نەیانتوانی ئەو ئەزموونە ئیزافەی لەسەر بکەن وەک مامۆستاکانی خۆیان نەبوون وەکو سامی عەبدولحەمید و قاسم محمەد و سەلاح قەسەب نەیانکرد، ڕاستە ئەوان ئەزموونی دەرەوەیان هێنا، بەڵام ئیزافەیان لەسەر کرد کێشەکە لێرە دروست بوو ئەزموونەکەیان وەک خۆی گواستەوە، بەڵام ئەوەش باش بوو بە بەراورد لەگەڵ ئەو داهێنانەی کە بە شێوەیەکی زۆر سادە هاتنە سەر شانۆ، بە تایبەتی لە حەفتاکان .

حەمەسوار عەزیز: دەمەوێ لە حەفتاکان دەست پێ بکەم لەبەرئەوەی زۆرێک لەوانەی توێژینەوەی شانۆی کوردی دەکەن دەڵێن سەرەتای ڕاستەقینەی شانۆ لە کوردستان لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتایی حەفتاکان دەست پێدەکا، بە تايبەتی دوای ئەوەی کۆمەڵێک قوتابی کورد وەکو تەڵعەت سامان و ئەحمەد سالارو فەرهاد شەریف لە بەغدا لە لە ئەکادمیا و پەیمانگاکانی بەغدا تەخەروجیان کرد هاتنەوە کوردستان و مومارەسەی ئیشی شانۆیان کرد و بە شێوەیەکی



ئەکادیمی و شانۆیان جیا کردەوە لەبۆنەی قوتابخانەکان و بۆنەی ئاینی و بۆنە نەتەوەییەکان، ئیتر شانۆ هاتە ناو هۆڵی گەل و ئەو جێگایانە، تۆ قۆناغی حەفتاکان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

سەباح هورمز: قۆناغی حەفتاکان تینوویەتی بوو مەسەلەی فیکر بوو و کێشەی سیاسی هەبوو، مەسەلەکە هونەر نەبوو، بەتەنیا کێشەیەک هەبوو جەماوەر حەزی دەکرد ئەو قەزیەیە ببینێ، جا تەڵعەت سامان و فەرهاد شەریف بێت سەباح عبدالرحمن بێت توانیان ئەو جەماوەرە ڕاکێشن بۆ شانۆ، تەنانەت لە بەغدا بەو شێوەیە شانۆ دروست کرا لە شەستەکان، لەرێگای یوسف ئەلەعانی و ئەوان توانیان جەماوەر ڕاکێشن بۆ شانۆ، بەڵام دیسان هونەر پێشنەکەوت، هەتا هەشتاکان لە

**سەباح هورمز: ئێستا من ڕەخنە لەخۆم دەگرم لەسەر ئەو نووسینانەی لە هەشتاکان نووسیومە، هەتا ئێمە مەسەلەی ئەزموونگەری بەهەڵە تێنەگەین، مانای ئەزموون ئەوە نییە کە شتێک نوێ بێت ئەوە ئەزموونگەریە، ئەوە ئەبەد ئەزموونگەری نییە، بڕۆ کتێبەکە بخوێنەوە بزانە چۆن تەعریفی دەکەن**

هەشتاکان شانۆی کوردی دەتوانم بڵێم لە هەشتاکان ئەزموونی نوێ لە نواندن و دەرهێنان هاتە ناو شانۆی کوردی.

حەمەسوار عەزیز: ئەوەی هەشتاکان باسی دەکەی، کاریگەرییەکەی ئەو کۆمەڵە گەنجە بوون کە لە هەشتاکان ئەکادیمیایان تەواو کرد؟

سەباح هورمز: بەڵێ، کامەران ڕەئوف بوو شەماڵ عومەر بوو ئەحمەد سالار بوو، دانا بوو هەتا فوئاد جەلال کارێکی جوانی نمایش کرد، کەریم عوسمان کارێکی جوانی کرد لە هەولێر، یانی بەراستی ئەوانە توانیان بزووتنەوەی شانۆ بجووڵێنن بە فکرەیەکی نوێ، نەک وەک ئەوانی پێشەوە ئەوانە کە مەسەلەکە تەنها فکرەیەک بوو، دەتوانم بڵێم هەموو شانۆگەرییەکانی هەندێک کەس یەک شانۆگەرییە، هیچی نەکردووە.

حەمەسوار عەزیز: واتە ئەوانە تەنها گواستنەوەی فۆتۆیەکی کلاسیکیان کردووەو نەیانتوانی بەرەو پێشی ببەن؟

سەباح هورمز: ئەبەدەن نەیانتوانیوە، نەوەیەکی خراپیان دروست کرد، نە دەیانتوانی ئەکتەر دروست بکەن، نە دەشیانتوانی ڕۆشنبیریان بکەن و پەروەردەیان بکەن بۆ بەرەو پێش بردن، کەواتە هیچیان نەکردووەو پێشیان دەڵێن رائیدی شانۆی کوردی، کەچی ئەوان هیچیان نەکردووەو تەنها پێش خەڵکی تر ئیشیان کردووە، کە باوەڕ ناکەم شتێکی ئیزافەیان کردبێ.

حەمەسوار عەزیز: کاک نیهاد ئیتیباعی تۆ لەسەر ئەو دوو قۆناغە حەفتا و هەشتاکان چییە؟

نیهاد جامی: بەبۆچوونی من دیارە ئەوەی دەکرێ حەفتاکان وێنەکەی ڕوونتر بێ تارادەیەک، لەبەر ئەوەی نووسینی شانۆیی و و ووتاری ڕەخنەیی یان ئەو وتارە ئەرشیفییانەی کە لەبەردەستدان تەنانەت زۆرجار وەک بیبلۆگرافیاش سەیرمان کردووە لە حەفتاکان ئەیبینین، ئێمە پێش حەفتاکان نایبینین، جا کێشەی گەورەی ئێمە چییە؟ شانۆی کوردی بەدرێژایی قۆناغەکانی، قۆناغی سیاسی هێناویەتە پێشەوە، بەیاننامەی یانزەی ئازاری ساڵی حەفتا کە دێ، شانۆی کوردی جووڵەیەک بەخۆیەوە دەبینێ، واتە بەجۆرێک هەناسەیەک دروست دەبێ، بۆیە ئەوەی پێی دەوتترێ سەردەمی زێڕین و گەشانەوە و ئەو حاڵەتانە، پێم وایە دۆخێکی سیاسی شانۆی کوردی هێنا پێش. پێم وانیە شانۆی کوردی نە لەحەفتاکان نە لەهەشتاکان سەردەمی زێڕینی خۆی بینیبێت. زێڕین بووە لەڕووی ژمارەوە، یانی ژمارەی زۆری نمایش هەبووە، بۆ نموونە کاتێک ناوەکانی تۆ لەبەغدا بوونە، لەشوێنێ هاتوونەتەوە بەتایبەت ئەو دەستەی یەکەم کە لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان نەوەی هەفتاکان دێن ژمارەی نمایشت بۆ زیاد دەکەن، وەک مامۆستا "سەباح هورمز" ئاماژەی بۆ کرد ئێمە شانۆکارمان هەیە هەموو ئیشەکانی لەسەر یەک فۆرمە، ئەوە وای کردووە ئێمە ڕقمان لەمیتۆد بێتەوە، بۆ نموونە ئێمە وێنەیەکی خراپی ستانسلافسکیمان هەیە، ئەو ستانسلافسکییەی ئێمە هەمانە ستانسلافسکی نییە، ستانسلافسکییەکی کوردییە، با لێرە نموونەیەک بێنینەوە ئیلیا کازان کاتێ یەکەم کاری شانۆیی ئەکات لە شانۆی لنکۆلن سنتەر کە دیدێکی ڕەخنەیی بۆ ستانسلافسکی دەخاتە ڕوو دەڵێت "من دژی ستانسلافسکی نیم، دژی تێگەیشتنی ئەمریکییەکانم بۆ ستانسلافسکی" بەڕاستی ئێمە نموونەیەکی خراپی ستانسلافسکیمان هەبوو، نموونەکەش نەوەی حەفتاکان هێنایان، زۆر زۆر بەخراپی تێیانگەیاندین، ئێمە لە وتارەکانی ڕەخنەگران و ئەرشیفیەکانی ئەو سەردەمە و ئەوانە کە باسی قۆناغەکانی هەشتاکان ئەکەن و بەتایبەت لە کتێبەکانیان، نموونەیەکی ڕوونترمان هەیە، بەڵام لەوە ئەچێ لەسەر قسەکانی مامۆستا سەباح ئێستا مامۆستاش جۆرێکی تر ڕوئیایەکی ڕەخنەیی تری هەبێ تەنانەت بۆ نمایشەکانی هەشتاکان، بەرێزیان لەیەک لە وتارەکانیان لەسەر "لە چاوەڕوانی سیامەند)دا باسی شاعیریەتی ئارتۆ دەکات کە ئەو نمایشەی پێی گەیشتووە، ئەوە من ڕووبەڕووی پرسیارێک ئەکاتەوە لە سەباح هورمز ئایا حاڵەتێکی ئارتۆیی وەک ئەوەی تۆ باسی ئەکەی لەو نمایشەیا هەیە؟ یا بەڕاستی ئەو ئەزموونانە لەفەرهەنگی ڕەخنەیی تۆدا گواستنەوەی ئەزموونەکانی شانۆی عیراقین بۆ شانۆی ئەزمونگەری کوردی؟ چونکە ئەگەر وەک ئەوە بێت کە تۆ ئاماژەی بۆ دەکەیت کەواتە ئێمە خاوەن ئەزموونگەرییەک نینلەکاتێکدا لە کتێبەکەی بەرێزتان شتی تر هەیە پێچەوانەی ئەو قسانەی ئێستەتان، ئەگەر وابێت ئاخۆ دەبێت ئێمە بەپرسیاری خۆمان دا بچینەوە ئەبێ بڵێین ئەزموونگەری کوردی چییە؟

سەباح هورمز: ئێستا من ڕەخنە لەخۆم دەگرم لەسەر ئەو نووسینانەی لە هەشتاکان نووسیومە، هەتا ئێمە مەسەلەی ئەزموونگەری بەهەڵە تێنەگەین، مانای ئەزموون ئەوە نییە کە شتێک نوێ بێت ئەوە ئەزموونگەرییە، ئەوە ئەبەد ئەزموونگەری نییە،



برۆ کتێبەکە بخوێنەوە بزانە چۆن تەعریفی دەکەن، هەتا ئێستا پیتەر بروک ئەو ئەزموونانەی کردویەتی نالێ ئەوانە شتی سابتن، شانۆگەری (کۆنگرەی باڵندەکان) ی پێشکەش کرد، لەگەڵ شانۆگەرییەکەی تر، هەردووکیان فەشەلی هێنا، واهاتە قەناعەت بەبێ زمان ووشە ناتوانێ هیچ شانۆگەرییەک پێشکەش بکەن. کەواتە ئەزموونەکە وەکو نووسینی لێکۆڵینەوەیە، دەبێ لەو لێکۆڵینەوەیە بگەیە ئەنجام، ئەگەر لە ئەنجامەکە نەکۆڵیەوە ئەوا نالێی ئەزموون، ئەگەر سەرکەوتن بەدەست نەهێنی ئەوە نابێتە ئەزموون، بەڵکو تەنها هەوڵدانە یان سەردەکەوی یان سەرناکەوی، هەتا ئێستا پیتەر بروک ئەو دەرهێنەرە گەورەیە هەتا ئێستا لە ئەزموونەکانی خۆی سەرکەوتوو نەبووە، هەتا گرۆتۆفسکی سەرنەکەوتووەو نەگەیشتۆتە قەناعەت، تەنها هەوڵدان بووە، چۆن دەتوانین بڵێین ئەوە ئەزموونە بۆ شانۆی کوردیش لە هەشتاکان ئەزموونگەری نەبووە تەنها تەقلید بووە.

حەمەسوار عەزیز: مامۆستا مەهدی حەسەن ڕوو لە تۆ دەکەم، من خوێندنەوەم بۆ وەڵامەکانی ئەوان بەتایبەت کاک سەباح هەستم کرد، ئەو ئەزموونەی کە گەنجەکان هێنایان ئەزموونێکی نێگەتیڤ بوو لەسەر واقیعێکی نێگەتیڤ، ڕاستە ئەوان کاریان لەسەر واقیعێکی نێگەتیڤ کرد کە ئەو وەختە هەبوو، بەڵام ئەزموونەکەی خۆیانیش نەبۆتە ئەزموونێکی ئیجابی، هەر وەکو ئەزموونێکی نێگەتیڤ مایەوە، نەیانتونی مەسەلەن ڕوئیایەکی ڕوون بۆ کاری شانۆیی لە کوردستان دابین بکەن، تۆ وەکو گەنجێک کە، لەدوای ئەو قۆناغە دەستت بەئیش کرد، پێت وایە هەناسە کورتی شانۆی هەشتاکان پێویستی بە قۆناغی زیاتر هەبوو، بۆ ئەوەی تیۆرەکانی خۆی یا دنیابینی خۆی تەواو بکات؟ ڕاپەڕین هات ئەو قۆناغەی دابڕی، دابڕانی دروست کرد لەنێوان ئەو قۆناغە، پێت وایە هەشتاکان پێویستی بەکاتی زیاتر هەبوو، بۆئەوەی بتوانێ پڕەنسیبێک بۆ شانۆی کوردی دروست بکات؟

مەهدی حەسەن: من زۆرجار دەڵێم لەهەموو دنیا کاتێک کە ئینسان بەتەمەندا دەچێ لەبەرئەوەی ئەزموونی ژیانت زیاتر دەبێ، زیاتر ئیبداع دەکەی، زیاتر شتە جوانەکان دەبینیەوە، کاری شانۆیی باشتر دەکەی، بەڵام لە کوردستان ئەوانەی کە بەتەمەندا دەچن ڕادەوەستن، لەجیاتی باشتر ببن، لەخۆیان تێک دەدەن، ئەو ڕستەیەی مامۆستا سەباحم پێ جوان بوو، کە دەڵێ من ڕەخنە لە خۆم دەگرم لەهەشتاکان بەجۆرێک لە جۆرەکان لەسەر ئەو ئیشانەم نووسیوە، ئەو ڕەخنە لەخۆگرتنە ئەوکات لەخۆی نەگرتووە، ئەوکات بەرامبەر بەو شانۆگەرییانە سەرسام بووە و لای ئەو ئیشی نوێ بووە، کە لە کوردستان نمایشکراوە ئەوەندەی هەڵگرتووە کە مامۆستا لەسەری بنووسێ، بەڵام ئێستای مامۆستا لەگەڵ ساڵانی هەشتا ئەو قۆناغە، ئەگەر مامۆستاش وەستابا وەکو ئەو دەرهێنەرانەی کە لە هەولێر ڕاوەستان و هەموو ئیشەکانیان ئێستاش بیکات و لەهەشتاش کردیتی هەمووی یەک نەمتە و یەک شانۆگەرییە، بەس ناوەکان دەگۆڕێن، یانی هەست دەکەی ئەو ئیشەت بینیوە پێشتر نەک هەست دەکەی سەدا سەد دیووتە، ئەگەر مامۆستاش وەکو ئەوان بیری بکردباوە ئێستا ڕەخنەی لەخۆی نەدەگرت، کەواتە هونەرمەند بەشێوەیەکی گشتی یان ڕۆشنبیری کورد یان شانۆکاری کورد زەرورە لەگەڵ زەمەن بڕوا، شانۆکارەکان یان دەرهێنەرەکانی ساڵی هەشتا لەگەڵ زەمەن نەڕۆیشتن، ئەوان خاوەن فکرێک بوون یان بۆچوونێک بوون، هەر لەسەر ئەو بۆچوونەی خۆیان ئیشیان کردووە، هیچ گەشەسەندنێکیان بەخۆیانەوە نەدیووە، بۆیە ئێستا ڕاوەستاون، لەکاتێکدا لەهەموو دنیا کاتێک بەتەمەندا دەچی تۆ بە ئەزموونێکی زۆر زۆر تێپەڕبووی کەواتە دواین ئەزموونت دواهەمین ئەزموونی تۆ دەبێ لە هەموو ئەزموونەکانی دیکەت باشتربێ، لە کوردستان ئەوە نابینی، ئەوەی بێینە سەر ئیشکردنی ئێمە، ئەگەر قسە لەسەر ئیشکردنی ئەو گەنجانەی ئێستا لەمەجالی شانۆ ئیش دەکەن لە کوردستان و بەتایبەتی لە هەولێر دەبێ هەشتاکان بەجێ بێڵین، بێینە سەر نەوەدەکان و لەدوای ڕاپەڕینەوە دەست پێبکەین، هەرچەندە لە نەوەدەکان و تارادەیەک هەشتا و نەوەت کۆمەڵێک ئەزموونی باش لە شانۆی هەولێر کراوە، وەک ئەو ناوانەی کە کاک نیهاد و مامۆستاش باسی کردن، ئەوەی کەریم عوسمان مۆزارت و سالیری ئەزموونێکی شانۆیی زۆر باش بوو، هەر لەگەڵ ئەوان

**نیهاد جامی: شانۆ بۆ خۆی یەکێکە لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە یەکێکە لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی واتە بەرهەمیش عەقڵیەتی شارە، ئینجا بێینە سەرئەوەی ئایا بە ڕاستی ئێمە شارمان بە مانا مۆدێرنەکەی هەیە**

کامەران ڕەئوف کۆمەڵێک ئیشی باشی هێنا لە هەولێر نمایشی کرد بۆ نموونە شالیر و چەند کارێکی تر، مەبەستم ئەگەر قسە لەسەر شانۆی جدی بکەین لە هەولێر زەرورە تەسەور دەکەم لە نیهایەتی هەشتا قسە بکەین و ئیتر ئیشی جیدی هەبووە، شانۆ هەبووە، شانۆی زۆریش هەبووە، وەکو کاک نیهاد گووتەنی دەکرێ ناویان لێ بنێین ژمارە، بەژمارە زۆر بوونە، بەڵام وەکو ئیشی جیدی کە بمینێتەوە و ئەزموونی لەسەربکرێت و شانۆکارە گەنجەکان سوودی لێ ببینن دەکرێ لەکۆتایی هەشتاکانەوە دەست پێ بکەین.

حەمەسوار عەزیز: کاک نیهاد هەمان پرسیار بۆ جەنابت دووبارە دەکەمەوە، پێت وایە ئەو تەجروبەی کە، بەناوی ئەزموونگەری لە کوردستان لە ناوەڕاستی هەشتاکان دەستی پێ کرد، پێویستی بە زەمەنێکی زیاتر بوو بۆ ئەوەی خۆی بدۆزێتەوەو ڕوئیایی خۆی بدۆزێتەوە، ئایا ئەو ڕاپەڕینەی کە، هات ئەو مەرحەلەی کۆتایی پێ هێنا، ئایا زیانی لە شانۆی کوردی دا، ئایا دەکرێ ئەگەر دەساڵ یان پانزە ساڵی کەی لەسەربایە، بەرەو ئاقارێکی تر ڕۆیشتبا؟

نیهاد جامی: نا بەپێچەوانەوە ڕەنگە من تێگەیشتنێکی جیاوازم هەبێ، ڕاپەڕین پرۆژەی شانۆی ئەزموونگەری کوردی پەک نەخست، پرۆژەی ئەزموونگەری کوردی خۆی وەستا، ئێمە ئێستا لەڕێگەی خوێندنەوەمان بۆ نووسین ووتارە ڕەخنەییەکانی ئەو قۆناغە ئەوە دەبینین کە لە گوتاری ئەزموونگەری کوردی دوو ئاراستە هەبووە بۆ کارکردن ئاراستەیەک ئەزموونکردن بووە لەتەک ئەزموونی وێنەیی وتێکستی جیهانی لەمڕوەوە ئەزموونەکانی (غۆریللا، مارا-صاد) ئاراستەی دووەمیش ئەزموونکردن بووە لەتەک یادەوەری کوردی بە گەڕانەوە بۆ تێکستە فۆلکلۆریەکان وئیشکردنەوە لەسەر ئەو ڕابردووە وەک لە ئەزموونەکانی (لەچاوەڕوانی سیامەند و ئەوەل سەحەرە) دەردەکەوێت، کاتێ ڕاپەڕین دێ ئەگەر ئەو قسەیە ڕاست بێ بڵێین ڕاپەڕین شانۆی ئەزموونگەری کوردی پەک خستووە، پێم وایە پەکی نەخست، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی کە شەماڵ ونیگار ئەرۆنە دەرەوە ئەزموونی (داستانی چاوەروانی) نمایشدەکەن دەشێت ئەوە درێژکراوەی ئەو قۆناغە ئەزموونکاریەتە بێت، بەواتای ئاراستەیەکیتر نەبووە، تا لەدایکبوونی لابۆری شانۆی لالش هەلبەت ئەزموونی لالش ئەزموونی ئەلتەرناتیڤە، بەواتای قۆناغی دوای شانۆی ئەزموونگەری کوردیە بەهۆی ئەوەی دەنگ ئامادەبوونی هەیە ئەوەش وایکردووە ئەزموونەکە تەواو جیاواز بێت، هەرچی سەبارەت بەقسەکانی سەباح هورمزە من پێم وایە ئەگەر بێت و شانۆی ئەزموونگەری کوردی هەشتاکان ئێستا ئەگەر ببەستینەوە بەو قۆناغەی کە ئەوان لە (لابۆری شانۆی لالش) باسی ئەکەن و کە لە ووۆرکشۆپەکانی نیگار لە هەولێر و سلێمانی کردی، پێم وایە ئێستا خەریکە ئەوان ئیزافات ئەکەن لەسەر ئەو بونیادەیان بۆ شانۆی ئەزموونگەری، ئینجا دیسان بێمەوە سەر خاڵێکی تر بەڕاستی قسەکردنە لەسەر وشە لە نمایشی ئەزموونگەری، بۆ نموونە ئەوان بەتایبەت لە ئێستایا لە ((لابۆری لالش)) وشەیان نییە، دەنگ هەیە، بەڵام ئایا دەنگ ئەتوانێ لەپاڵا جەستە نمایشی شانۆیی دروست بکا، یان ناتوانێ؟ بەبۆچوونی من ئەکرێ دەنگ ئەڵتەرناتیڤی وشە بێ، لەوکاتەی کە دەنگ ئەبێ بە ئەڵتەرناتیڤی وشە ئەکرێ دەنگ ئەڵتەرناتیڤی تێکستیش بێ، بەڵام پرۆژەیەکی فراوان وئارامگرە. پرۆژەیەکی ئارامگری گەورەی ئەوێ، هونەرمەند بەدوای گەڕان و پشکنین بێ، لێکۆڵینەوەو ئێکتیشافات بێ بۆ ئەوەی بەو خاڵە بگات، بەڵام ئاخۆ لە کوردستان زەمینەیەکی وا لە ئارادایە کەشانۆکاری کورد بتوانێ دووساڵا لە هۆڵ بێت پرۆڤە بکات نەک نمایش مەشق بکات لەپێناو گەڕاتن و پشکنین لەوانەیە ئەوە کارێکی سەخت و زەحمەت بێت.

حەمەسوار عەزیز: یانی دەکرێ لە کۆتایی بڵێین ئەوانە شانۆن دژی شانۆ؟

نیهاد جامی: گرۆتۆفسکی قسەیەکی وای هەیە ئەڵێ "ئێمە لە سەدەی میتا شانۆداین" بەو قسەیەی گرۆتۆفسکی بێ ئەکرێ ئەوە شانۆیەک بێت لەو دیو مانای ئەو بنەما کۆنکرێتیانەی کە ئێمە بۆ شانۆ هەمانە چونکە ئیشەکانی من لە کەرکوک و شارەکانی تری کوردستان کە نمایشم کردووە، وشەم نەبووە، تێکستم نەبووە، دەنگ بووە، هەڵبەتە ڕەنگە ئەمە جەنابیشتان ئاگاتان لێ بێت، بەتایبەت لە ڕێی گۆڤارەکەشمانەوە لەوێ هەمیشە باسمان لەوە کردووە، جیاوازی ئێمە لەو گروپە چییە لەگەڵا لابۆری لالش ئێمە چەمکێکمان نییە پێی بڵێین جەستەی ئاهەنگساز، ئێمە چەمکێکمان هەیە پێی ئەڵێین جەستەی کلتوری، وتوشمانە لە تێکستە تیۆرییەکانمان ئەڵێین بۆ ئەڵێین جەستەی کلتوری، قسەی من لە وێبە ئارامگری و مەشقێکی زۆری ئەوێ بۆ ئەوەی بەو خاڵانە

بگرین، بەڵام ئەوەی تۆ ئەیڵێی شانۆ دژی شانۆیە؟ من ئەڵێم دژی شانۆ نییە بە قەد ئەوەی لەودیوی ئەو مانایانەی شانۆ هەیە ئێمە دەتوانین مانای تازەی بۆ بدۆزینەوە، بۆ نموونە تۆ دەقت هەیە، دیکۆرت هەیە، بەڵام ئێمە لە کەرکووک دیکۆر بۆ ئەکتەر دروست ناکەین.

سەباح هورمز: کاک نیهاد هەرچەندە دەتبڕم، بەڵام تۆ ئەگەر نەزەریەکت نەبێ لەسەر جەستە یان لەسەر وشە مەنهەجیشت نەبێ چۆن دەتوانی ئیش بکەی؟ وەک ئەوەی پیتەر بروک، ئێمە چۆن ئەتوانین لە کوردستان ئەو کارە بکەین.

نیهاد جامی: بەڵام مامۆستا کە تۆ ئیش ئەکەی، بۆ نموونە کە سەیری (گرۆتۆفسکی) ئەکەین تۆ نایەی هەموو بنەماکانی گرۆتۆفیسکی بگوازیتەوە. دوای تێگەیشتن و خوێندنەوەبۆ ئەزموونێک پایەی ئەزموونەکەی خۆتی لەسەر درووسیت ئەکەیت

سەباح هورمز: کاک نیهاد من لێرە پرسیارێک دەکەم، هەتا ئێستا هەموو دەڵێن لەسەر ستانسلافسکی ئیش دەکەین، کامەیان لە ستانسلافسکی گەیشتوون؟ کامەیان لە برێخت گەیشتوون؟ ئەو پرسیارە زۆر زۆر زەحمەتە، دەشێ ئەوان زۆر عاجز بن، کاکە ئێمە نە لە ستانسلافسکی تێگەیشتووین نە لە برێخت، لەو شتانە هیچ تێنەگەیشتووین و هاتینە لەسەری ئیش دەکەین، کەواتە ئەوە سەقەتیە.

نیهاد جامی: من پرسیارەکە بە جۆرێکی تر ئەکەمەوە، بەڕای تۆ پرۆسەی نمایشی شانۆیی لە کوردستان عەبەسە؟ یەعنی ئەگەر بەو مەنتقە ئیش کەین جارێکی تر کە ئێمە لە هیچ تێنەگەیشتووین لە ستایلەکان ئەبێ بڵێین شانۆ نەکەین؟

سەباح هورمز: من ناڵێم شانۆ نەکەین، من دەڵێم ئیشەکان دیارە لە ستایلەکەی تێنەگەشتووین ماعەدا کامەران ڕەئووف و ئازاد جەلال، فعلەن ئەوانە لە ستانسلافسکی گەیشتوون، بەڵام ئەوانی دیکە کە



نواندن دەکەن وانییە. من مانعم نییە دەرهێنەرەکە بە شێوەیەکی واقیعی کارەکە پێشکەش بکا، بەڵام تۆ هاتی کارێکی برێختی دەکەی بە شێوەی واقیعی تۆ خۆت دوور دەکەی لە مەسەلە ئەساسیەکە دێی مەسەلە ئاسانەکە دەخەیتە ڕوو، لە برێختیش تێناگا، چونکە ئەکتەری برێختی نییە.

نیهاد جامی: ئەوە وایە سەرەتاش وتم لە حەفتاکان هەموو وتوویانە ستانسلافسکی لە کۆتاییدا ستانسلافسکی کوردی جیاوازە لە ستانسلافسکی کتێب، ئەوەی ئێمە لە کتێبدا ستانسلافسکی ئەبینین ڕەنگە ستانسلافسکییەکی تر بێ، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە ئێمە نەتوانین لە ئیش کردنا شانۆکاری کورد ئاراستەیەکی دەستنیشانکراوی هەبێ بۆ ئیشکردن، خۆی ئیشکالەتیەکە لە کوێ دروست بووە بۆ نەوەی نوێ، لەناو کتێب و نوسینەکانی ئێوە هاتوون نمایشێکی کوردی بە تێگەیشتنی شاعیریەتی ئارتۆ ناو دەبەن، ئەو دەمەی نەوەی نوێ دێنە سەر ئەو نووسینانە ئەوە دەخوێننەوە لەرێگەی ئەو ووتارانەوە سەیری ئەو رابردووە ئەکەن لەکاتێکدا ئێوە پاشگەز دەبنەوە لە تێڕوانینەکانتان. گرفتەکە لێرەدایە بەهۆی ئەوەی ئێمە دەزگایەکی ئەرشیفی شانۆییمان نیە نمایشەکان بە ڤیدیۆ دیکۆمێنتەوە ببینین تەنیا

ئەو نوسینانەیە یا چەند وێنەیەکی رەش و سپی ئەو کاتەیە کە ماوەتەوە، لەپاڵ ئەوە چەند کەسانێکیتر بەناوی ڕەخنەوە هاتوون، کەسانێک خەریکی کارلای ئەرشیفین بەڵام دەیانەوێ وەک رەخنەگر بناسرێن لەکاتێکدا کاری رەخنەییان ئەنجامک هنەداوە هێندەی خەریکی بیبلۆگرافیای نمایشەکان بوونە، لەم سۆنگەیەوە دەبێ ئەوە بڵێین هەر خەلەلێک لە شانۆی ئەزموونگەری کوردی هەبێ بەرلەوەی دەرهێنەرەکان ڕووبەڕووی ئەو رەخنەیە ببنەوە رەخنەگرەکان رووبەڕووی ئەبنەوە، لە هەموو شوێنێک کاتێک نمایشی تازە دێت زۆر جار چەمکی ڕەخنەی نوێ دێتە ئاراوە. ئێوەش کە نمایشەکان هاتن ئاڕاستەی نووسینی ئێوە ئەگۆڕێ، بۆ نموونە ئەو نووسینەی لەسەر سورمێ خان ئەینووسی ئایا ئەو نووسینەیە کە لەسەر کامەران ئەنووسرێ؟ ئەوە مانای وایە نمایش دروستی ئەکات.

حەمەسوار عەزیز: رەخنە هەر وایە بەدوای نمایشەوەیە، شانۆگەری باش رەخنەگری باش دروست دەکا.

نیهاد جامی: کورتەی قسەکانی من ئەوەیە رەخنەگر و دەرهێنەری شانۆی کوردی پەلەیان کرد، بە تایبەتی لەناونان، ئێمە زۆر فێرین و حەز ئەکەین ناو لە شت بنێنین بە تایبەت هەندێ لە قۆناخ.

**مەهدی حەسەن: شانۆکارەکان یان دەرهێنەرەکانی ساڵی هەشتا لەگەڵ زەمەن نەڕۆیشتن، ئەوان خاوەن فکرێک بوون یان بۆچوونێک بوون، هەر لەسەر ئەو بۆچوونەی خۆیان ئیشیان کردووە، هیچ گەشەسەندنێکیان بەخۆیانەوە نەدیووە، بۆیە ئێستا ڕاوەستاون**

سەباح هورمز: هەتا شانۆی عێراقیش وایە، تۆ کتێبەکانی یاسین نەسیر بخوێنەوە، بزانە چۆن وەسفی شانۆی ئەزموونگەری دەکا لە عێراق، کە پێم وانیە وابێ، هەتا لەسەر شانۆی کوردی نووسیوە بە شێوەی ئەزموونگەری وەسفی دەکا، لە کاتێکدا یاسین نەسیر یەکەم ڕەخنەگرە لە عێراق، یانی مەسەلەکە ئێمە نین بە تەنیا.

نیهاد جامی: ڕاستە تەنیا ئێمە نین، بەڵام کە ئێستا ئەبینین جارێکی تر پرسیار ئەکەین لەوەی لەبەر دەستمانە،خۆ ئێمە دەزگایەکی ئەرشیفیمان نییە تابە ڕوئیای خۆتەوە قسەی لەسەر بکەی، من پێم وایە ئێستاش ئەزموونی شانۆی ئەزموونگەری کوردی لەپرۆژەی تەواوبووندایە تەواو بوون بەو مانایەی سیماکانی ئەو قۆناغە ڕوون و ئاشکران نەک قۆناغێکی ناتەواو بێت.

سەباح هورمز: من زۆرم پێ سەیرە ئێستا دەڵێین ئێمە شانۆی ئەزموونگەریمان هەیە.

نیهاد جامی: بەڵام مامۆستا ئێوە واتان ئەوت.

سەباح هورمز: هۆشیارییمان وابوو، هەتا یاسین نەسیر وا دەڵێ، کە خۆی ڕەخنەگرێکی گەورەیە.

نیهاد جامی: ئەزانن پێم وایە کێشەی گەورەی ڕۆشنبیری شانۆییمان لە کوێیە؟ ئێمە نەهاتین بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوە سەرەکیەکان ئێمە ستانسلافسکی و گرۆتۆفسکی لەتێکستە تیۆرییەکانی خۆیانەوە نەمانناسین بەلکو لە خوێندنەوەی شانۆکاری عەرەبەوە ئەوانمان ناسی، لەژێر کاریگەری شانۆی ئەزموونگەری عیراقی بە شانۆی ئەزموونگەری ئاشنا بووین، بە غیابی (سلاح قەسەب ) شانۆی ئەزموونگەری کوردی لە دایک نەدەبوو، ئێمە لە ژێر کاریگەری ئەوانەوە زۆر جار بڕیارمان داوە، بۆ نموونە ئێمە ویستومانە ئارتۆ لەڕێگەی سلاح قەسەبەوە بناسین ڕەنگە ستانسلافسکیمان لە ڕێگەی سامی عەبدولحەمید و جاسم عەبودیەوە ناسیبێت، ئەوە کێشەکانمان بووە، یانی ڕۆشنبیری شانۆیی ئێمە ڕۆشنبیرییەکی ڕەسەن نەبووە، لە ڕۆشنبیری دووەم و سێیەمەوە سەیرمان کردووە.

مەهدی حەسەن: دەزانی چییە کاک نیهاد، مەسەلە قسەکردن لەسەر ئەو شتانەی کە ئێوە هاتنە سەری، یەک موشکیلە هەیە، ئێمە خوێنەری باشمان نییە، ئێستا باس لەوە دەکەن ئیشی باش ڕەخنەگر دروست دەکات، نەخێر ڕەخنەگری باش خۆی وجودی هەیە لەبەرئەوەی ڕەخنەگر خوێنەرێکی باشی شانۆیە، کاتێک کە نمایشێکی شانۆی دەبینی ئەو ڕەخنەگرە پێشتر ڕۆشنبیریی شانۆیی زۆر باشی هەیە، کاتێک ئەو نمایشە شانۆییە دەخوێنێتەوە، ئاستی ئاگایی ئەو ڕەخنەگرە لەگەڵ ئاستی من و فلان و فلان و بینەرێکی ئاسایی جیاوازە، بۆیە ئەو کاتێک کە دەنوسێ شتێکی جیاواز دەنووسێ ئەوەیە ڕەخنەگر، ئیشی باش قەت ڕەخنەگری باش دروست ناکا.

سەباح هورمز: بەڵام ئیشی خراپ ڕەخنەگری باش دروست ناکا.

مەهدی حەسەن: ڕەخنەگر خۆی هەیە، بەڵام هەمان ئەو ڕەخنەگرە لەسەر ئیشە خراپەکەش دەنووسێ، دەنووسێ لەسەر مستەوای خۆی، (ئەحمەد سالار )ێک ئیشێک دەکا، (تەڵعەت سامان)ێک ئیشێک دەکا ( کامەران ڕەئوف )یش ئیش دەکا سی ئیشی جیاوازە، مەبەستەکەی من با ڕوونتر بێ بۆ ئێوە، مەبەستەکەی من ئەوەیە کە باگراوندی ڕۆشنبیریی شانۆکارانی کورد زۆر کەمە، بۆیە شانۆکاری کورد تا قۆناغێک دەڕوا و ڕادەوەستێ، ئا ئەوەیە کێشەکە، سێ هەنگاو دەنێ و چوارەم هەنگاوی ڕاوەستاوە یان دووبارەبوونەوەی ئیشەکانی پێشتری دەکا ئەوەیە کێشەکە.

سەباح هورمز: من دەڵێم کوردستان پێویست ناکا 100 دەرهێنەری هەبێ، کوردستان پێویستی بە 3 دەرهێنەری باش هەیە، لە عێراق چەند دەرهێنەری باش هەیە ( سامی عەبدولحەمید و قاسم محەمەد و سلاح قەسەب، ئەو سیانە دیارە ئەوانی تر کوانێ؟

مەهدی حەسەن: نا ئەوە کێشە نییە و ژمارەش کێشە نییە.

نیهاد جامی: ئەسڵەن ئێمە چەند ڕۆشنبیریی شانۆییمان هەیە.

مەهدی حەسەن: ئەوە موشکیلەکەیە، بۆیە دەڵێم زەروور نییە نە ژمارە هەبێ نە ناو هەبێ.

سەباح هورمز: کێشەکە ئەوەیە لێرە کەس ناخوێنێتەوە، دەپرسم کێ دەخوێنێتەوە؟

نیهاد جامی: لەبەر ئەوەی ئێمە ڕۆشنبیری شانۆییمان نییە.

سەباح هورمز: ڕێزم هەیە بۆ وەجهەکانی هەولێر بڕۆ لەگەڵ کامەیان ئەتوانی ناوی شانۆ بێنی بابەتەکە قەپات دەکا بۆت.

مەهدی حەسەن: هەتا زەرورە بۆ ئێمە ئەوەیە لەو مەنهەجانە بڕوانین کە پێش ئێمە دروست بووە، بۆ نموونە باسی شانۆی بریخت دەکەین، کە میتۆدێکە ئەڵمانی خۆی لێی دەترسێ، کورد دێ زۆر بە ئاسانی ئیشی تێدا دەکات کێشەکە لەوەیە.

سەباح هورمز: سەباح عەبدولڕەحمان سێ جار ویستی کارێکی بریخت نمایشبکات، بەڵام پاشگەزبۆوە وتی ئاسان نییە.

نیهاد جامی: ئێمە لە دەقیش هەمان ئەو کێشەیەمان هەیە،

سترەندبێری نووسەرێکی ئەوەندە قورسە سویدییەکان خۆیان ئەڵێن کەس بۆی نییە تێیبگات، تەنها سویدیەکان نەبێت، لە هەموو ئێران یەک دەرهێنەر هەیە پسپۆڕە لە سترندبێری وئیشی تیادەکا، بەڵام لای ئێمە خوێندکار لەتێزی دەرچوونی پەیمانگا کاری تیا دەکات، لۆرەنس ئۆلیڤێ لەبارەی لالۆ ڤانیای چیخۆف دەڵێت "بوێری ئەوەم نەبوو لەکاتی کارکردن دەستکاری یەک ووشە بکەم چونکە بەشێوەیەکی واچنراوە ئەترسام وەک مینێک بەسەرما بتەقێتەوەو وێرانم بکات" بەڵام دەرهێنەری ئێمە دیمەن لائەداو ئاسایشە، وابزانم تۆ جارێکیان گوتت لە هەموو عێراق تەنها قاسم محەمەد دەقی ئامادە دەکرد، کەچی لە ناو کوردا هەموومان ئامادەکاری دەقین.

حەمەسوار عەزیز: پێتان وانییە، ئەوە دەرەنجامی ئەوەیە کە لەم وڵاتە هونەر بەرپرسیاریەت نییە و لێپرسینەوە لەسەری نییە، تەنها ژمارەیەو وەکو کاک نیهاد باسی کرد ساڵانە ژمارە زیاد دەکا.

سەباح هورمز: لە دوای ڕاپەڕین کاری شانۆیی بووە بازرگانی.

حەمەسوار عەزیز: لە پێش نەوەدەکان ئێمە دوو نەوەمان هەیە نەوەیەک کە کۆپی ئەزموونی شانۆییان بۆ کوردستان با بڵێین بابڵێین شێوازە ئەکادمییەکەی شانۆیان دامەزراند، هیچ نەبێ لە ڕووی کلاسیکیەوە، مەسەلەن شانۆیان لە نێوان بۆنەکان و شتەکان دەرهێنا، نەوەیەک لە ناوەڕاستی هەشتاکان دەیەوێ شانۆی ئەزموونگەری بکات، بەڵام تووشی قەیرانێکی گەورە دەبێ، لەبەر ئەوەی روئیایەکی ڕوونی نیە بۆ ئیشەکەی، بەڵام لە دوای نەوەدەکان نەوەیەک کە دەرەنجامی پەیمانگای هونەرەجوانەکان و جیاواز لە نەوەکەی پێشوو کاردەکا بۆ ئەم نەوەیە ناتوانێ شتێکی جیاواز لەوانەی پێشووتر پێشکەش بکا؟

سەباح هورمز: یەکەم جار وائەزانم خەتای مامۆستاکانی پەیمانگای هونەرەجوانەکانە، ئەوانە زۆر کاریگەریان هەیە لەسەر نەوەی ئێستا، ئەو مامۆستایانەی ئێستا بە خۆیان لە شانۆ نازانن، بە خۆیان ڕۆشنبیری شانۆییان نییە جگە لەوانە هەتا ئێستا ئەو مامۆستایانە کارێکی داهێنەرانەیان پێشکەش نەکردووە، (قاسم محەمەد ) وانەی دەگوتەوە (سامی عەبدولحەمید) دەرسی دەگوتەوە (سەلاح قەسەب) وانەی دەگوتەوە، ئەو سێیە هەر سێکیان کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر قوتابییەکان هەبوو و ئەو ئەزموونە بەخۆیان تەلەبەکان ئەزموونی مامۆستاکەی دەکرد، تەلەبە ئێستا لە کوردستان وەک مامۆستا دەرست پێ دەڵێ کاریگەری پێ نەبێ چی نمایش دەکا، چ ڕۆشنبیرێ وەردەگرێ کێشەکە لێرەیە ئەوەیە یەک، دووەمین لە دوای ڕاپەڕین ئەو جیلە زۆربەی ئەوانەی باش بوون لە شانۆ چوونە تەلەفزیۆن و هەندێکیان سەفەریان کرد (کامەران، نیگار، میدیا، شەماڵ) ڕۆشتن، زۆربەی ئەکتەرە باشەکان لێرە نەمان بێجگە لەوە مەسەلەی بازرگانی ئێستا ئەوانەی دەرهێنان ئیخراج دەکەن لە بۆ پارە دەرهێنان دەکەن نەک بۆ هونەرەکە، خاڵی کۆتایی (خوێندنەوە) کاکە کەس ناخوێنێتەوە، کەس موتابەعە ناکا، من چوومە مۆسکۆ لەوێندەرێ شانۆی براگ ئەوە چەندین ساڵە دەڵێن ئارتۆ لە وێ بەڕاستی بینیم ئارتۆ چییە؟ بەڵام لێرە دەتوانین بەو شێوەیە نمایشی بکەین، ئارتۆ یا هەرچ شانۆگەریەکی نوێ ببینین.

حەمەسوار عەزیز: واتە کاک سەباح شانۆکاری کورد پێش بینەرەکەی خۆی کورتی بینینی هەیە و پێویستی بە بینینی زیاترە، بینین نەک با بڵێین هاوپۆلەکانی خۆی یاخود هاونەوەکەی خۆی ببینێ، پێویستی بە بینینی دەرەکی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ روئیایەکی دیکە ببینێ، بۆ ئەوەی لە بازنەیەکی داخراو نەبێت؟

سەباح هورمز: زۆر پێویستیان بەوەیە دەرهێنەرەکانی ئێرە بە تایبەتی گەنجەکان پێویستە بچنە دەرەوە ببینن یا بخوێنن دووساڵ سێ ساڵ بۆ ئەوەی ئەزموونەکەی ئەوێ بهێننە ئێرە هەتا ئەگەر ئەزمونەکەش بگوازنەوە بە نسبەتی ئێمە ئەزموونێکی نوێیە، بەڵام حەتمەن لەو کەسانە کەسێک دوو کەس دەبوو ئیبراز دەبوو، بۆ پێشکشەکردنی ئەزموونەکان وەکو ئەوەی بەغدا بەڵام نەکرا ئێمە هەر لە داخلی هەولێر و لە داخلی سلێمانی بووین لەو چوارچێوەیە دەرهێنەری ئێمە دەرنەچوو کەواتە پێشنەکەوت، لە جێی خۆی نەیتوانی گەشە بکات بکات، سەرچاوەی ڕۆشنبیریی نەدیت، مەسەلەن تا ئێستا نەوەیەک هەیە ناتوانێ بە عەرەبی بخوێنێتەوە هەموویان بە کوردی دەخوێنن ئێ باشە سەرچاوەی ڕۆشنبیریمان زیاتر بە عەرەبیە ئەوە چۆن جێگیر دەکرێ.

حەمەسوار عەزیز: کاک مەهدی تۆ یەکێکی لەو نەوانەی لەوانەی کە دوای ڕاپەڕین زیاتر ئیشت کردووە وەکو ناوێک کارت کردووە بۆ ئەم نەوەیە لە دوا قۆناغەکانەوە خۆی دووبارە دەکاتەوە ناتوانێ قۆناغێکی تر بچێتە پێشەوە؟

مەهدی حەسەن: لە شانۆ کاتێ کە باسی دەرهێنان دەکەین، دەرهێنان دەتوانێت ناوی لێ بنێین ڕوئیا، ئەو ڕۆئیایەی تۆ بەرامبەر بەو دەقە شانۆییەی کە هەڵیدەبژێری و جارێکی دیکە کاری لە ناو دەکەی بۆ ئەوەی ببێتە نمایشێکی باش و نمایشێکی جوان، نمایشێک ئەوە بێ کە بینەر تێر بکا، تێر کردن لە بینین تێرکردن لە بیستن، تێر کردن لە هەموو ئەو هەستانەی کە ئەو نمایشەی بەر دەکەوێ، جا ئەو روئیایە لە چ دروست دەبێ، مامۆستا صەباح هەندێ شتی زۆر تەواوی باس کرد ڕوئیا بە بینینە، بینینی شتەکان، ئێمە چاومان بەستراوە بەوەی کە ئێمە خۆمان سجنین لە وڵاتێک لە شارێک ناتوانین بچینە دەرەوە کەواتە بینینەکەت نەما، خوێندنەوە دەمێنێ، خوێندنەوەکەش کاتێک کە دەخوێنیەوە ڕەنگە بینینی تۆ بۆ ئەو وشانەی کە نووسراوە کە بە نەزەریەت نوسراوە یان لەسەر دەقێکی نووسراوە جیاواز

بێ لەگەڵ تێگەیشتنی تۆ، یان جیاواز بێ لەگەڵ تێگەیشتنی کەسێکی تر بەرامبەر بەو نووسینەی کە دەنووسرێ، چونکە دیارخستنی عوفقی زۆر هەیە کە تۆ دەیخوێنیەوە تەئکید من بە شێوەیەک لە شێوەکان، تەئسیرم لێ ئەکا، کەواتە رِوئیای تۆ بە خوێندنەوە گەورە دەبێ، فراوان دەبێ، جوان دەبێ، یان بە بینین، بەو دوو رِوئیایە، بەو دوو خاڵەیە، خاڵێک لای ئێمە داخراوە لەبەر ئەوەی کە باسم کرد تۆ ناتوانی بچیتە دەرەوەی وڵات، تازە بە تازەش دەتوانین نمایشەکانی دەرەوەی وڵات بێنینە ناوەوە داوەت بکرێت، بە هەر شێوەیەک لە شێوەکان، خاڵی دووەمیش خوێندنەوەیە کە بەداخەوە لای زۆرێک لە شانۆکاران وەستاوەو نەماوە، شانۆکار ناخوێنێتەوە، کاتێک کە نەتخوێندەوە روئیای تۆ بەچی فراوان دەبێ، بۆیە کە ناخوێنیەوە روئیاکەت دووبارە دەبێتەوە.

سەباح هورمز: کاک مەهدی پرسیارێک: ئایا دەرهێنەر هەقی روئیای هەیە؟

مەهدی حەسەن: هەموو کەسێک هەقی روئیای هەیە، بەڵام چۆن روئیاکەت فراوان دەکەی و پەروەردەی دەکەی، فعلەن هەموو کەسێک ناتوانێ فراوان و پەروەردەی بکات.

سەباح هورمز: یانی ئەگەر خوێنەرێکی نایابی وەک مارکس نەبێ ناتوانێ ئەو تیۆریزەیە تەرجەمەی سەر کاری خۆیان بکەن، رۆلان بارت ئەگەر نووسەرێکی زۆر باش نەبووایە نەیدەتوانی وابکا.

نیهاد جامی: بەڵام مامۆستا شانۆی کوردی لە هەر دە ساڵێکدا دوو سێ هونەرمەندی هەبووە، مەسەلەن کە ئەڵێی حەفتاکان ئەڵێی ( ئەحمەد سالار، بەدیعە دارتاش، تەلعەت سامان و فلان و فلان، کە ئەڵێی هەشتاکان ئەڵێی ( شەمالأ عمر و میدیا رەئوف و نیگار حەسیب و دانا رەئوف وبەکر رەشید ) ئەڵێی نەوەدەکان ئەڵێی فلان و فیسار، لە دوو هەزار هەمان شت، یەعنی هەمیشە دوو سێ ناو.

سەباح هورمز: بۆ نموونە لە لە نەوەدەکان کێن؟ لە حەفتاکان و هەشتاکان دەتوانین بلێین، بەڵام لە نەوەدەکان کێ؟ ناوێکم پێ بلێ؟

**حەمەسوار عەزیز: لە پێش نەوەدەکان ئێمە دوو نەوەمان هەیە نەوەیەک کە کۆپی ئەزموونی شانۆییان بۆ کوردستان با بلێین بابلێن شێوازە ئەکادمییەکەی شانۆیان دامەزراند، هیچ نەبێ لە رووی کلاسیکیەوە، مەسەلەن شانۆیان لە نێوان بۆنەکان و شتەکان دەرهێنا، نەوەیەک لە ناوەڕاستی هەشتاکان دەیەوێ شانۆی ئەزموونگەری بکات، بەڵام تووشی قەیرانێکی گەورە دەبێ، لەبەر ئەوەی روئیایەکی روونی نیە بۆ ئیشەکەی**

سدیق حوسێن کۆمەڵە ئیشێکی باشی کرد نازانم ئێستا چی لێهات؟

نیهاد جامی: ئەگەر قسە لەسەر نمایشی نەوەدەکان بکرێ، رەنگە من قسەم زۆر بێت، ئەگەر پانۆراما بۆ هونەرمەندەکانیش بکرێ دیسان قسەم زۆرە لەبەرئەوەی ئەکرێ تەسفیە بکرێ لە ئیشی نەوەدەکان، شانۆکارێک هەیە هەست بە کێشەکە ئەکا لە نەوەدەکان، هیتر هەیە هەستی پێ ناکات، تۆ سەیر ئەکەی شانۆلە 1991 بۆ 1994 شتێک نەبووە، دوای ئەوەی شەڕی ناوخۆ دروست بوو، هەست دەکەی شانۆکار ئیتر بێ تاقەت بوو لەو وەزعە، هەتا سەیری ئەکەی لە وێرانەی کامەران رەئوفدا راستەوخۆ رەنگ ئەداتەوە دوای ئەوە لەلای حسێن میسری لە (چیرۆکی خۆشەویستی) دواتر لەلای کۆمەڵێک شانۆکاریتر هەست بە شەڕەکە ئەکا و بێزار بوونی لە شەڕەکە وای لێ ئەکا کە قەزیەیەکی هەیە، بەڵام وەکو هەندێکی تر نییە، مەبەستیش لە گرفتە مرۆییەکانە نەوەک ئاینی و نەتەوەییەکان، هەروەکو ئینسان هەست دەکەی وجودی تۆ لە کوێیایە، تۆ رِوئیا لەدنیایەکی وادەکات دەکەوێتە ژێر هەڕەشەی مەرگەوە، شەر ئەبینی وێرانەو خوێن هەیە، هەڵبەت ئەو وێرانەیەش بۆخۆی بێبایەخکردنی ماناکانی جوانیە بەلام ئایا لەپشت شێواندنی جوانی ئیستاتیکا توانای ئەوەی نیە رووبەکی تری ئەو گوتارە بخاتە روو، ئەوە نەک بۆ کورد بەتەنیا بەڵکو لە ئاستی جیهانیشدا بەدوای رووخانی بلۆکی سۆسیالیستی ئەگەر ئایدیۆلۆژیا شکستی هێنا ئایا ئیستاتیکا توانای ئەوەی نیە ئایدیۆلۆژیای جوانناسی بنیات بنێت؟ هەڵبەت کە قسەکان دیچتە سەر شانۆکاری کورد دەبێت بوەستین لەبەر ئەوەی شانۆکاری کورد هێچشتا بەتەواوی ئاگاداری میتۆدە شانۆییەکان وسەرچاوە شانۆییەکان نیە نەخوازەللا چۆن داوای لێ بکرێت ئاگایی ئیستاتیکی لای گادامێر لەسیاقی مێژوویدا تاچەند لە گەرانەوە بۆ تێکستە کلاسیکیەکان ئامادەبوونی هەیە، ئەو ناتوانێ بزانێ ئیستاتیکا لای کانت یان هیگل چ مانایەکی هەیە ئەو تیۆرانە چین لەو بارەیەوە کە ئەو ئەتوانێ یۆ شانۆ تیایدا سوود مەند بێت چۆن ئیستاتیکا لەلای هایدگەرو بۆدریارد بناسێت لەکاتێکدا ئەو هێچشتا کتێبە شانۆییەکانی باش نەناسیوە، هێشتا دەرهێنەری کورد لەو میتۆدەی کاری تیا دەکات باش لە بنەماو رەچەلەکی میتۆدەکە باش نەگەیشتووە ئەوە شتێک نیە خۆرسکانە روابێت ئەوە رەگێکی پتەوی هەیە لەشانۆی ئێمەدا ستانسلافسکی لەهەموو ناوەکان زیاتر بەهەڵدێر بردراوە حەفتاکان

سەرەتای شێواندنیەتی ئەگەر بێین لەشارێکی وەکو هەولێر تەماشا بکەین هەرەمەکیەت زۆرجار بە شانۆی ستانسلافسکی ناونراوە کێشەکەش ئەوەیە ئەوانەی ناون بەشدار بوونە لەو حالەتە دەشێت لێرەدا ئاماژە بۆ دوو ناو بکەین بەواتایەکیتر ئێمە ئەکرێ دوو مۆدیلمان بۆ ستانسلافسکی هەبێت مۆدیلێکی تەلعەت سامانی کە لە حەفتاکانەوە دەست پێدەکات و بە درێژایی تەمەنی کارکردنی درێژ دەبێتەوە مۆدیلی دووەم مۆدیلی د. فازل جافە کە بە بڕوای من زۆر بەووردی و میتۆدیانە لە ستانسلافسکی گەیشتووە بەڵام سەرنجی من لێرەدا تەنیا لەسەر ئەوەیە ئەو دەمەی شانۆگەری زریان دەبینین ئەگەر بووترێ ئەو کارە پەیرەوی میتۆدی مایەر هۆلدە چونکە ئەو نمایشە بەتەواوی پەیرەوی زانستیانە ستانسلافسکیە دەشێت لە ساتێکی نواندن لای ئەکتەرێک جولەیەکی مایەرهۆلد ببینین بەلام لەبنەرەتدا کارێکی زانستیانەی ستانسلافسکیە من پێموایە ئەوە مۆدیلێکی زانستیە بۆ ستانسلافسکی، بەڵام ناتوانین قسە لە مایەر هۆلد بکەین چونکە نەمانبینی.

حەمەسوار عەزیز: بێینە سەر تەوەری بینەر و نمایش، من دڵنیام شانۆی کوردی لە حەفتا و هەشتاکانیش بینەرێکی نەبووە بۆ شانۆ، بینەرێکی هەبووە بۆ قەزیە سیاسییەکە، بینەرێکی هەبووە کە تامەزرۆی ئەوە بووە قەزیە سیاسیەکە لەسەر شانۆ بێ، دەنا بینەرێک نەبووە بۆ شانۆ دروست کرابێ، بۆ شانۆ ئامادەکرابێ، بینەرەکە تەنها بۆ ئەوە بوو، تەنها قەزیە سیاسیە لەناو هۆڵەکە بێت، بۆیە کە راپەڕین ڕوودەدا ئەو بینەرە نامێنێ، خەڵکێکی تر وەکو ئەتەکێت دەیانەوێ لە شانۆ نزیک ببنەوە، مەسەلەن کە کابرا شاعیرە، نووسەرە، چیرۆک نووسە، ئەوانەش وەکو ئەتەکێت دەیانەوێ لە شانۆ نزیک بن، وەکو ئەتەکێت دەیانەوێ لە شانۆکان حازربن، بێ ئەوەی بتوانن ئەوانەش کۆنتاکتێک لەگەڵا شانۆ دروست بکەن، بەڵام ئایا لێرە شانۆکاری کورد بە پلە یەک ڕۆڵی چی بووە لەوەی کە ئەو بۆشاییە گەورەیە لەنێوان خۆیی و بینەر دروست بکات؟

سەباح هورمز: پار لە فێستیڤاڵی شانۆی نێودەوڵەتی بینەرێکی باشمان هەبوو، هەموو ڕۆژەکان هۆڵ پڕبوو، باشە بۆ کە شانۆگەرییەکی کوردی پێشکەش دەکرێ، ڕۆژێک دوو ڕۆژ زیاتر نمایش ناکرێ و مومکینە هۆلەکەش نیوە خەڵکی تیا نییە، کەواتە هۆکارەکە دەرهێنەرەکەیە، متمانە لە نێوان بینەرو دەرهێنەرەکە نەماوە، چونکە لە دوای ڕاپەڕین ئەوەندە ئیشی خراپیان دیت ئیتر متمانە نەما بەو دەرهێنەرانە، هەتا ئێستا لە سلێمانی وایە، بۆ پێشتر وا نەبوو لە هەشتاکان لە سلێمانی دەچووین هۆڵ بەردەوام پڕ بوو لە جەماوەری باش و هەست دەکەی بەراستی بینەرێکی شانۆیی هەیە یەعنی دادەنیشین زۆر بە ئەدەبەوە وەکو رەخنەگر سەیری شانۆی دەکرد، کەواتە نمایش خۆی خۆی فەرز دەکا لەسەرت چەند دێ چەند نایێ، ڕۆژێک دوو ڕۆژ نمایش دەکرێ ئەوە کارەساتە، ئەوەتە لە ئەوروپا شانۆ هەیە 15 ساڵ پێشکەش دەکرێ بیست ساڵ نمایش دەکرێ، پاشان بێینە سەر واقیع شانۆ مانای شارستانیەتە، ئەوەندە ئاسان نییە بتوانی ئەو بینەرە دروست بکات.

حەمەسوار عەزیز: کەوایا لێرە دەبێ بیبەستینەوە بە شارەکە خۆی، ئایا شارەکە خۆی ئامادەکراوە موهەییئە بەو شێوەیە کە هەیە پێشوازی بکا، ئایا شارە کوردییەکان هەولێر و سلێمانی و دهۆک ئەو زەمینەیان تێدایە بینەر شانۆی وەکو ئەوە دروست بکات؟ واقیعی شارەکە لە ڕووی بینای کلتورییەوە، لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە، لە ڕووی ئابوورییەوە، لە ڕووی کۆمەڵێک چەمکەوە؟

سەباح هورمز: مەسەلە کلتوورە، وابزانم ئەوە لە ئێمەی تێکدا، هەتا ئێستا شانۆی عەرەبی هیچی نەکردووە، نەگەیشتتە نەتیجەک، ئێمەش ویستمان بەو شێوەیە وەکو ئەوان بجولێین، بەو شێوەیە ناتوانین.

حەمەسوار عەزیز: کاک صباح هەست ناکەی ئێمە دەرگای ترمان نەبوو جگە لە شانۆی عەرەبی، دەرگای ترت نەبوو؟ مەسەلە باسی هەرێمی کوردستان بکەین جگە لە شانۆی عێراقی دەرگای ترت لە کوێ بوو؟

سەباح هورمز: ئێمە هەتا ویستمان لاسایی شانۆی ئەورووپی بکەین لە خیلالی شانۆی ئەزموونگەری.

حەمەسوار عەزی: ئەوانە هەمووی لە ڕێگای کتێب بە کورتبینی بینینی نمایش نەبینراوی، ئیشکالەکە لەوەیە بە نەفسی بینین ئایا دەکرێ شانۆو ئەزموون لە ڕێگای کتێبەوە بگوازرێتەوە؟ ئێمە ساڵی پار لێرە ئەزموونێکی برێختمان بینی ئایا هەستمان نەکرد جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو برێختەی کە دەیناسین؟

سەباح هورمز: یەعنی مومکین نییە، ئەگەر برێخت لەوێ نەبینین، نەک لە ئەزموونێک، هەتا ستانسلافسکی ئایا تەنها تەرکیزە؟

حەمەسوار عەزیز: کاک مەهدی تۆ وەک جیلێکی نوێ و وەکو دەرهێنەرێک کارت دەکرد هەست ناکەی بینەر زۆر متمانەی بە شانۆکاردا، بەڵام ئیتر لە کۆتاییدا شانۆکە نەیتوانی جێگای ئەو متمانەیەی بینەرەکە بێ کە پێیدا و نەیتوانی زیاتر متمانەی بێ و زیاتر بەردەوام بێ لەگەڵیا؟

مەهدی حەسەن: ئیشی خراپ وا لە بینەر دەکات متمانەی نەمێنێ، خۆی دوو خاڵ هەیە یەکەمیان بینەری کورد یان کورد بە گشتی. تاقەتی چێژ وەرگرتنی نەماوە لە هونەر، کە دەڵێم تاقەتی نەماوە هۆکاری زۆرە، کۆمەڵێک فاکتەر هەبووە، خۆی ئەوە دەرئەنجامە، ئێستا کورد پێراناگا هەموو لە کێبرکێ وکێبرکێ کاریە، گۆڕەپانی کوردی ئەوەندەی ئابوری بە سەریا زاڵە، ئەوەندە هونەر ئەوەندە شتی دیکە بە سەریا زاڵ نییە، ئەمڕۆ ماڵەکەی نوێکاتەوە، کێبرکێی پێناکرێ لەگەڵ ژیان پێ ڕاناگا، بۆیە هەندە خەریکی ئەو شەڕەیە لەگەڵ ئابوری، چێژی

ژیانی خۆی بیر چۆتەوە، تەنانەت بیری چۆتەوە کە ئینسانە، بیری چۆیتەوە کە پێویستی بەوەیە هەناسەیەک هەڵکێشێ، بیری چۆتەوە کە زەرووره سەفرە بکا، یەعنی خەڵکەکە زۆر لە کوردستان تووشی ئەو ئەزمە دەروونیە بووە، ئینجا نەبوونی نمایشی شانۆیی باش، خۆم کاتێک دوایین ئیشم کرد (براکوژی) موشکیلەی بینەرمان نەبوو، لەبەرئەوەی خەڵکێک هەیە (مەهدی حەسەن) دەناسێ، لە براکوژی هیچ موشکیلەی بینەر نەبوو، هۆڵەکە پڕ بوو، 3 رۆژ نمایش کرا، هەر 3 ڕۆژەکە بینەر زۆر باش بوو.

سەباح هورمز: دەڵێن 3 ڕۆژ، بۆ 3 رۆژ زۆرە؟

مەهدی حەسەن: ئەگەر چوارەم و پێنجەمیش نمایشکرابوایە وەکو ئەوەی کە خاڵی یەکەمت باس کرد، خەڵک بیری چۆتەوە چێژ بکا لە شتەکان، ئێستا نمایش بۆتە 3 ڕۆژ، ئەگەرنا ئاساییە زیاتریش بێ.

حەمەسوار عەزیز: دەکرێ ئێمە ژمارەی بینەر بکەینە پێوانە بۆ کوالێتی ئیشەکان؟ لێرەش مەبەستم شانۆی کومیدی و بازرگانیش نییە، لە دەرەوەی ئەوە قسە دەکەم؟

مەهدی حەسەن: من قسەم تەواو نەکرد، ئەو خەڵکەی هاتبوو بینەری جدیش بوو، ئەو جملەیەم مابوو قسەی لەسەر بکەم کە دەڵێم بینەر جددی بوو، خەڵکێک هەبوو کە ڕۆژی یەکەم هاتبوو ڕۆژی دووەمیش هاتەوە، ئەوەش هەبوو، بینەری جددی هەیە ماوە ناڵێم نییە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی کە ئێمە باسی بکەین کە ڕەبتی بکەینەوە بە ساڵانی هەشتاکان ئەوە هۆکار زۆرە.

حەمەسوار عەزیز: کاک مەهدی کەوایا دەبێ شانۆیەک هەبێ بینەر ناچار بکا بێتە هۆڵەکان؟

مەهدی حەسەن: ئەکید شانۆی براکوژی باسی دەکەم بینەری باش هەبوو، مەبەستم لەوەیە کە نمایشێکی باش بووە، ئەوە نییە (مەهدی حەسەن ) دەرهێنەریەتی، بەڵام نمایشی باش نمایشی باشە.

حەمەسوار عەزیز: کەواتە بینەر هەیە؟ چونکە لە نمایشدا دەبینین لە هۆڵ 800 کەس دادەنیشێ، لە نمایشیش دەبینی 50 کەس لە هۆڵە، کەواتە بینەر بە دوای نمایشی باش دەگەڕێ، کەواتە کە بینەر نییە خەلەلەکە لە بینەر نییە بێ ئەوە بە پلە یەک؟ شانۆکار بینەری ناچار نەکردووە بێتەوە ناو هۆڵ؟

نیهاد جامی: من پێشبینی دەکەم قسەکردن لە بینەر، ئێمە زوڵمێک ئەکەین بەڕاستی لە بەرچی؟ جاران بینەری ئێمە ئەهاتە شانۆ بەس شانۆی بە دەستەوە بوو، شانۆ هەبوو وەزیفەیەکی سیاسی بۆ بینەر بەجێدەگەیاند ئەوێ شوێنی هەناسەدانی بوو، ئێمە نابێ بڵێین لەبەر ئەوەی نمایشی خراپ هەبوو بۆیە ئیتر بینەری ئێمە نایێ بۆ شانۆ، مەسەلە چەپاندنی دنیای کوردی بوو لەرووی سیاسیەوە لەرووی کۆمەلایەتیەوە ئەمرۆ ئەو چەپاندنانە لەشوێنی تر بۆی دەگەرێت لە سەتەلایت و ئەنتەرنێت و دی ڤی دی واتە بەشێکی بە تەنیا ئەوە نییە ئێمە نمایشی خراپمان هەبووە، هەڵبەتە ئێمە یەک لەشکر نمایشی خراپمان هەیە، یەک لەشکری دەرهێنەرو ئەکتەری خراپمان هەیە، ئەوە لایەنێکە، دواتر ئەو پرسیارەی تۆ سەرەتا کردت بەبروای من شانۆ بۆ خۆی یەکێکە لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە یەکێکە لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی واتە بەرهەمیش عەقڵیەتی شارە، ئینجا بێینە سەرئەوەی ئایا بە ڕاستی ئێمە شارمان بە مانا مۆدێرنەکەی هەیە، ئایا بە چەند سوپەرمارکێتێک ئەتوانی بڵێی شارمان هەیە تۆ جارێ هۆڵی سینەمات نییە. هۆڵی شانۆیت نییە، کێشە گەورەکەی ئێمە ئەوەیە بە ڕاستی ئێمە شارمان بە مانای شار نییە، ئێمە شارمان نییە، ئێمە هۆڵێکی شانۆیمان نییە خاسیەتی هۆڵی شانۆی تیابێ، تۆ هۆڵێکی شانۆیت نییە کە چوویتە هۆڵەکە بینەر کێشەی ئارەق سڕینەوەی نەبێ، ئەوانە هەمووی گرفتی گەورەی بینەرن لە شانۆی ئێمە.

حەمەسوار عەزیز: شانۆی کوردی بە تایبەتی لە دوای ڕاپەڕین شانۆیەکی مشەخۆرە لەسەر خەڵکی تر ئەژی ئایا حکومەتە، ئەو دەزگایانەی کە هاوکاری دەکەن، بۆ ئەوەی شانۆ لەو ڕەوشە قەیرانەیە دەرباز ببێ، ئیتر نابێ شانۆ خۆی بژێنێ؟ بۆ ئەوەی شانۆیەکی باشت هەبێ و بتوانێ پەرە بەخۆی بدا و خۆی بژێنێ؟

نیهاد جامی: پێم وایە ئەوەی شانۆ ئەیکات سینەماو تەلەفزیۆن ناتوانن ئەو رۆڵە ببینن، بەڵام ئێمە چەند دەرهێنەری وامان هەیە چەند رۆشنبیریی شانۆییمان هەیە لە مەهامی شانۆ تێبگات، من پێم وایە ئەبێ سەر لە نوێ ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین کە شانۆ چییە؟ ئێستا ئەبێ سەرلەنوێ بەو پرسیارەیا بچینەوە، چونکە ئەو ستراتیژو ئەو وەڵامەی کە ئێمە بۆ پرسیاری شانۆ هەمانبوو هەڵەیە، هەڵەی گەورەش ئێمە شتی ترمان لە شانۆ ئەویست کەبتی جنسیمان هەبوو ئەهاتینە شانۆ، کەبتی سیاسیمان هەبوو هاتینە شانۆ، ئێمە بە خراپترین نمایشی هەشتاکان ڕازی بووین، ئێستا قسە لەسەر دراماکان دەکرێ دەڵێین هەبوو نەبوو تەمسیلی ڕەجەب و نازانم فاڵچی و ئەوانە لە ئیشەکانی ئێستا باشترن، کاکە باشتر نییە کەبتێکی ڕووخاو هەبوە لە ماڵ و تەلەفزیۆنی کوردیی ویستویەتی لە ڕێگای ئەو شاشە خراپەوە بیبینێ، شانۆش بە هەمان شێوە بووە، بۆیە پێم وایە ئەبێ سەر لەنوێ بەو پرسیارەیا بچینەوە زەروریشە توێژینەوەی زۆر جدی لەسەر بکەین کە ئیتر ستراتیژی شانۆ چییە؟

مەهدی حەسەن: ئەوەی من قسەی لەسەر بکەم ئەوەیە کە لە هەشتاکان شانۆ قەزییەیەک هەبووە بۆیە بینەری هەبووە بۆیە ڕەنگە داهاتیشی هەبووبێ، ڕەنگە دوای ڕاپەرین قەزیەکە نەماوە شانۆ ئەبێ ڕاوەستێ؟ ڕاناوەستی شتی دیکە ئەکا، بەڵام خۆی نەدۆزیەوە جارێکی کە زەرورە لە لەحزەیەک لە لەحزەکان خۆی ببینێتەوە، جارێکی کە ئەوەش بە هەوڵی چەند کەسێکە چەند



هەولێکی بچووکە یەعنی بە گشتی نییە ئەو بینینەوەی شانۆ جارێکی تر چۆن بتوانێ وەک کاک نیهاد وتی شانۆ چییە هەوڵی چەند کەسێکە لەوانەیە ئەو کەسانە هەر ئاگاشیان لەیەک نەبێ ڕەنگە لە مەجالی ژیان برادەرن بەس لە مەجالی ئیشی شانۆ کاتێ کە ئیشێک دەکرێ برادەر نین لێک دوورن بەم دواییە لە شانۆگەری شالیر من داوام لە کاک نیهاد کرد بێت لەسەر شانۆکە قسە بکات، چونکە قسەکردن لەسەر ئەو شانۆگەریە وات لێدەکات کۆمەڵێ بینەر لەوێیە ئینتاجی شتێ بکەن و شتێ بنووسرێ لەسەر ئەو شانۆگەریە ئیتر کاتی نەبوو. یەعنی زەرووره ئەو دەرهێنەرانەی کە ئیش دەکەن بوێرن لە دوای نمایشەکان دانیشتنی ڕەخنەیی بکەن و قسە لەسەر نمایشەکان بکەن، ئەو وێنانە وا دەکا کاری باش و باشتر بکەی و بەرەو پێش بچی، بەڵام چەندی ئێمە خۆمان بدزینەوە لە قسەکردن لەسەر ئەو شانۆگەریە ئەوەندە بەرەو پاش ئەچین.

حەمەسوار عەزیز: پێت وانییە ڕاگەیاندن کاریگەرییەکی خراپی لەو بوارە گێڕا من هەست دەکەم لەم وڵاتەدا زۆر پاڵەوانی کارتۆنی دروست کرا بە تایبەتی لە بواری شانۆ ئەمە وای نەکرد خەڵکێک هەبێ زۆر لە خۆی ڕازی بێت و پێی وابێ پێویستی بە هیچ شتێک نەماوە، نە پێویستی بە دانیشتنی ڕەخنەیی هەیە نە پێویستی بە خوێندنەوەیە.

مەهدی حەسەن: پێش ئێستا ویستم قسە لەسەر ئەوە بکەم باسی ئەوەمان کرد کە فەن بەهای نەماوە نرخی نەماوە، کاکە ئاخیر شت فەرهاد پیربالێک کە خۆی پێ ڕۆشەنبیرە چووە پێشانگایەکی شێوەکاری کردۆتەوە، ئیتر چ بەهایەک دەمێنێ لە هەمان کاتیشدا نرخی لەسەر داناوە من تەئکیدم ئیتفاقی لەگەلأ برادەرێک کردووە گوتویەتی وەره ئەو تابلۆیە بکڕە نازانم بە بیست و چەند هەزار دۆلار، ئینجا پێموایە هونەر بۆتە هەراج خانە ئیشێک کە بەهای نەما چی لە بینەر دەکەی، کەواتە ڕاگەیاندن، فەیسبوک نازانم چی یەک دونیا کەس لەسەر ئەو ئیشەی فەرهاد پیربالأ لە فەیسبووک دووبارە بڵاویان کردۆتەوە، کەواتە ڕاگەیاندن هۆیەکی سەرەکیە بۆ وێران کردنی هونەر ڕاگەیاندن چەنێک باشە هێندەش خراپە.

حەمەسوار عەزیز: بۆ کورد بەردەوام بوونی شانۆ بەو شێوەیەی کە ئێستا هەیە چەند پێویستە؟

سەباح هورمز: بەو شێوەیەی ئێستا هەر نەبێ باشترە.

نیهاد جامی: پێموایە شانۆگەرییەکی فۆتۆریستی هەیە دوو دیمەنە، دیمەنی یەکەمی مامۆستایەک لە پۆل دەرس ئەڵێتەوە بە قوتابییەکانی، ئەڵێ دانتی شاعیرێکی مەزن کۆمیدیای ئیلاهی نووسیوە، لە دیمەنی دووەم دوای 40 ساڵ مامۆستاکە پیربووە و ئەڵێ دانتی شاعیرێکی مەزن کۆمیدیای ئیلاهی نووسیوە، مەعریفەی شانۆی ئێمە دوای 50 ساڵ وەکو ئەو مامۆستایە، ئێمە شانۆکارمان هەیە 20 ساڵە ئیشی نەکردووە، دەشیەوێ هەمیشە پێشەنگ بێ و مامۆستای ئێمە بێ.

مەهدی حەسەن: ڕایەکم هەیەو بەهیوام بتوانم بیهێنمە دی، ئەویش ئەوەیە لە هەولێر چەند کەسێکی جدی لەناو شانۆ ئیش دەکەن، ئەویش هەوڵ بدەین ئەو چەند کەسە لەناو شانۆییەکی باش کۆببینەوەو بەرهەمێکی باشی هەبێ و وابکا هەم جارێکی تر بینەر بێتەوە ناو شانۆ و هەم بینین و ڕوئیای ئێمە بۆ نمایش ببێتە ڕوئیایەکی باش لە داهاتوودا.

سەباح هورمز: جدیەت بە تەنها چیت بۆ دەکرێ، بەبێ خوێندنەوە چۆن کاردەکەی.

نیهاد جامی: بەهیوای ئەوەی بتوانین بەهەموو لایەکمانەوە وێنەیەکی ڕوونتر بە گوتارە شانۆییەکەمان ببەخشین

حەمە سوار عەزیز: لەکۆتاییدا سوپاس بۆ ئامادەبوونی هەمووتان بۆ ئەو گفتوگۆ شانۆییە.

# قەیرانی شانۆ لە نێوان وەزارەتی ڕۆشنبیری و شانۆکاران دا

نوسینی و ئامادەکردنی
کامەران حاجی ئەلیاس

**وتەیەکی پێویست:**

زۆربەی شانۆکاران و پسپۆران ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو بەسەردەمی زێرینی شانۆی کوردی ناوزەند دەکەن قۆناغی هەشتاکان قۆناغێکی گرنگە لە شانۆی کوردی کاتێ هەر نمایشی شانۆیی دەکرا بۆچەند رعژێک بەردوان دەبوو هۆڵەکانی شانۆ جمەیان دهای بینەر زۆر بە تاسەوە ئامادەبوونی هەبوو لە نمایشەکاندا چونکە گوزارشتی لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی ، ئابوری ، سیاسی دەکرد هەرچەند رژێمی بەعس چەندین تەگەرەو گرفتی لە بەردەم شانۆکار دورست دەکردا جا بەهەر بیانویەک بوایە ، زۆرجاریش توشی ئەشکەنجەو گرتن و بگرە کوشتنیش دەبوونەوەوە بەڵام هونەرمەندان بەردەوام بوون لە گەیاندنی پەیامەکەیان.

هەر لەو سەردەمەدا شانۆی کوردی لە قۆناغی لاسایی کردنەوە دەرچوو هاوکات رەخنەگری شانۆیی پەیدابوو ئەکتەرو دەرهێنەری ئەکادیمی زۆر بوو ، چەندین خوێندنی شانۆیان لە پەیمانگە و ئەکادیمیای شانۆیی تەواوکرد هەر لەو سەردەمە دا لە شاری سلێمانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان دامەزراو دەزگای سینەما و شانۆ لە شاری هەولێر هاتە دامەزراندن و هاوکات چەندین تیپی شانۆیی دامەزران،کە فاکتەرێکی زۆر بەهێز بوون بۆ ئەوەی شانۆی کوردی لە گەشەکردن بێت بەجۆرێک چەندین شانۆکارانی عەرەب سەرسوڕمانی خۆیان لەسەر توانای شانۆکاران دەردەبڕی



هەر لەساڵانی هەشتاکان چەندین وتاری شانۆیی لەسەر نمایشەکانی کوردی لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی عێراق دەنوسرا لەدوای راپەرینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی 1991 گەلی کوردستان.. شانۆی کوردی نەیتوانیەوە وەک پێسویست پەیامەکەی خۆی بگەینێتە جەماوەر هەر بۆیە ئەم شانۆیە توشی سستی بووەو چەندین زاراوەی وەکو قەیرانی شانۆی کوردی ، تەنگەژەی شانۆیی کوردی .. بەدوای خۆییداهێنا.. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەو فاکتەرانە چین کە شانۆی کوردی بەم باردۆخەی ئێستا هەمواربکات؟ ئایا هۆیەکەی شانۆکارانن؟ یان وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانە؟ لەو کاتەی بودجەیەکی خەیاڵی ساڵانە بۆ کارە شانۆییەکان خەرج دەکرێت. ئەگەرچی رابۆچوونی جیاواز هەیە ... هەندێک ئۆباڵی قەیرانەکە دەخنە ئەستۆی خودی شانۆکاران.. هەندێکی تر وەزارەتی رۆشنبیرو لاوان بەکەمترخەم دەزانن.. ئەوەی من مەبەستمە لەم کتێبەدا ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە

کە وەزارەتی رۆشنبیری لاوان تاوەکو ئێستا چەندین فیستفاڵی شانۆیی و لەسەرئاستی هەرێم و نێودەوڵەتی سازکردوە هەروەها بۆ دەرباز بوون لەم قەیرانە چەندین سیمنارو دیداری شانۆیی بۆ شانۆکاران ئەنجام داوە بێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی لێبکێتەوە .. لێرەدا هەوڵ دەدەم راو بۆچوونی چەند شانۆکارێک لەم باسەدا وەربگرم

چەندین تێرامانی جیاواز هەیە لەسەر سستی یان قەیرانی شانۆ لە کوردستان ، لەوانەیە شانۆکارانیش فاکتەربن لەوسستییە بۆ نموونە هەندێ کاری وا کراوە کە بۆتە هۆی ئەوەی بینەر لە هۆڵەکانی شانۆ دووربکەوێتەوە بەجۆرێک ئاستی نمایشەکە زۆر نزم بووە چ وەکو دەرهێنان یان نواندن واتە شانۆکاران نەیانتوانیوە بتوانن بەشێوەکی معریفی و ستاتیکی گوزارشت لە ناسۆرییەکانی جەماوەر بکەن.. یان هەندێ شنۆکار بەجۆرێک بیر لە مادە دەکەنەوە ئەوندە بیر لە داهێنان ناکرێتەوە راستە لێرەو لەوێ ساڵانە فیستیفاڵ نمایشیکی چاک کراوە بەڵام نەیتوانیوە تینەیتوی جەماوەر بشکێنێ کۆچکردن و سەرقاڵ بوونی شانۆکاران لە تیڤیەکان ، شەری ناوخۆیی، نەبوونی خۆشەویستی لە نێوان خودی شانۆکاران بەجۆرێک هەندێک لە شانۆکاران یەکتری رەتدەکەنەوە گەلێ هۆکاری تر.. وای لە شانۆی کوردی کردوە کە بەم باردۆخەدا بڕوات.. هەندێ بۆچوون هەیە دەڵێن دەرکەوتنی ئینتەرنێت و سەتەلایت وئامێرە تەکنەلۆژیەکانی سەردەم هۆکارە بۆ ئەوەی بینەر نێتە هۆڵەکانی شانۆ ..باشە ئەگەر ئەمانە هۆکار بن خۆ ئەم پێشکەوتنە لەووڵاتانی

دەروەش هەیە.. کەچی هۆڵەکانی شانۆی ئەوان هەر جەمەیان دێت دەبێ پێش چەند رۆژێک پلیتی شانۆگەرییەک بکرێت.. کەواتە شانۆ خاوەن جەماوەری خۆیەتی.
هەندێ بۆچونی تر هەیە کە دەڵێن: هۆکاری ئەوەی کەشانۆی کوردی پێش راپەرین بە سەردەمی زێرین ناوەزەند دەکرێت ئەو کات ئازدی نەبوو بەڵام ژیان مەیسەر دەبوو کەچی ئێستا ئازدی هەیە بەڵام هونەرمەند ناتوانێ ئێستا بەیەک موچە ژیانی خۆی دابین بکات بۆیە ناچارە لەسەر پیشەکەی خۆی پیشەیەکی تریش بکات ئەمەش وادەکات شانۆکار نەتوانێ خۆێ بۆکاری هونەری تەرخان بکات.. خاڵێکی بەداخەوە تاوەکوئێستا شانۆ لەلای هونەرمەندی کورد نەبۆتە پیشەو رۆتینش لەلایەن دەزگاکانی پەیوەنداره لە کاتی خەرج کردنی پارە بۆ نمایشەکان هۆکارێکی ترە.. خاڵێکی تر کەلەم ماوەیەدا بۆتە هۆکاری ئەم قەیرانە دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە پسپۆری لە کارکردن گۆراوە بۆ نموونە زۆر نمایشمان بینیوە کە هونەرمەندەکە پسپۆرری کاری خۆی ناکات ئەکتەرە بۆتە دەرهێنەر ئەمەش دەبێت هۆی ئەوەی کاری ئاست نزم نمایش بکرێت..دەرکەوتنی ئەو سیدیانەی کە لەبازر دەفرۆشێت بەبێ بوونی هیچ سانسۆرێک وای لە بینەر کردوە چێژ لە هونەری نواندن وەرنەگرێت.. بەچاوێک سەیری هونەری نواندن بکات کە کارێکی گاڵتەجاری و کات بەسەر بردنە.. تیڤیەکان کارێکی سلبییان هەیە بەهۆی پەخش کردنی زنجیرە دۆبلاژکراوەکان فەرامۆش کردنی دراما کوردییەکان.. بێگومان چەندین فاکتەری تر هەن بۆ ئەو رەوشەی شانۆی کوردی تێکەوتووە کە خودی شانۆکاران لێی بەرپرسن کەواتە دەبێ هەر شانۆکاربە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگاکانی پەیوەندار بەتایبەتی وەزراتی راۆشنبیری لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم قەیرانە چارەسەر بکەن بۆ ئەوەی شانۆی وەکو جاران رۆڵی خۆی ببینێت لە هۆشیار کردنەوەی جەماوەر رێنیشاندر بێت.
بۆ وەرگرتنی راوبۆچوونی هەندێک شانۆکار یەک پرسیارم ئاراستەی شانۆکاران کردن بە سوپاسەوە وەڵامیان دەماوە.

**پ: وەزارەتی رۆشنبیری تاوەکو ئێستا چەندین دیداری شانۆی ئەنجام داوە، بەبۆچونی بەرێزتان تاچەند ئەم دیدارە شانۆییانە توانیویەتی تەکانێک یان گۆرانکاری بە سەر شانۆی کوردیدا بکات؟ پێت باشە لەداهاتوودا ئەم جۆرە دیدارانە بەردەوام بێت؟وە لەسەر چ بنەمایەک بێت؟**

ئەمرۆ شانۆی ئاکادیمی و ئامانجبەخش لە قەیراندایە، باوی شانۆی شەکەرۆکەیی و ختووکە دانی بینەرە، ئەو شانۆیانەی هەرگیز نابنە قوتابخانە بۆ کۆمەڵگا و قوتابخانەیەک نین بۆ گۆرانکاری و شرۆڤەکردنی کێشە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگا، تەنها ئەوە نەبێت بینەر چێژ لەو چەند ساتە ئەبینێت بۆ تێرکردنی حەزێکی کاتی، بێ ئەوەی هیچ زانیارییەک بخاتە سەر مەڵۆ و شارای رۆشنبیرییان، یا بە شێوازێکی تر بڵێین ئەو وتەیەی برێختیان بەسەرا ئەسەپێت کە دەڵێت: هەر گەلۆرێک هاتە سەر شانۆ ئەتوانێت بیانگرێنێت، یان ختووکەیان بدات بۆ پێکەنین، بەڵام ناتوانێت فێری هەڵوێستیان بکات. کەواتە مەبەست لە شانۆ شۆرشێکی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییە، کە ئەم مەبەستەی نەپێکا کەواتە شانۆ نیە بە مانا ئاکادیمییەکەی، لەبەر ئەمەقەیرانەکە پێویستی بە دیداری شانۆیی نیە، بەڵکو بە هاندانی شانۆی ئامانجبەخشە و دۆزیەوەی ئەو میکانیزمەیە کە جەماوەر بە شانۆی راست و ئاکادیمی ئاشنا ئەکاتەوە، ئەمەش بە دیدار ناکرێت خۆ ئەگەر دیداری شانۆییش کرا ئەبێت ئەو مەبەستەی سەرەوە ئامانجی بێت، کە تا ئێستا کاری دڵسۆزانەی بۆ نەکراوە، بە داخەوە ئەمرۆ وەزارەتی رۆشنبیری قورسایی ئەرکی شانۆی داوە بە شانی چەند کەسێکدا، کە بۆ دیدار و قسەی قەبە کێشەیان نیە، کە دێتە سەر پراکتیسیش سەیر ئەکەین هەموو سەریان تەقەی دێت و هیچیان بۆ ئەو مەبەستە پێ نیە، کەواتە ئەتوانم بڵێم ئەمرۆ ئەو وەزارەتە بەشێکی زۆر لە لێرسراوێتی بەرامبەر قەیرانی شانۆی کەوتۆتە ئەستۆ، ئەویش لە رێگای بە پسپۆرکردنی چەند ناوێکی وێران و خاوەن بەرهەمی وێرانتر، دیدار ئەبێت کەسانێک بیکەن دڵسۆز بن و لای کۆمەڵگا خۆشەویست بن و بەرهەمگەلێکی وایان دابێت بە دەستەوە جەماوەر خۆی تیا بناسێتەوە، خۆ ئەو هەموو رەخنەیەی لەو وەزارەتە



ئەگیرێت هیچی بێ بنەما نیە کەچی مێشێک میوانیان نیە، ئیتر دیداری چی و کێ گۆڕانکاری بکات.
هیوادارم ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو وەزارەتە بکەوێتە دەست کەسانی دڵسۆز، ئەوانەی کەم ئەڵێن و زۆر ئەدەن بە دەستەوە.
**حەمە ڕەشید هەرەس**

بۆچاک کردنی ڕوەشی شانۆ و شانۆکاران من چەند خاڵێک دەخەمە ڕوو:
1- پێداچونەوە بەسیستەم و بەرنامەکانی خوێندنی لە پەیمانگاوکۆلێژەکانی هونەر و دابین کردنی مامۆستای کاراو ئەکتیڤ بۆ ئەم شوێنانە.
2- نۆژنکردنەوەی شوێن وبینیاەکۆنەکان وگونجادیان بۆ پێگەیاندنی شانۆکارانی ئەکتیڤ.
3- دانانی وانەی هونەری شانۆ لە قوتابخانە بنەرتیەکان وگرینگیدان بە وانەکانی هونەری بەتایبەتی هونەری شانۆ و دابین کردنی مامۆستای هونەرمەند.
4- دورستکردنی چەندین هۆڵ بۆ نمایشی شانۆیی بۆ منداڵان و گەورەکان بەپێی سیستەمی نوێ کە هەموو پێداویستەکانی نمایشی شانۆیی لە خۆبگرێت.
5-دانانی سیستەمێکی پێشکەوتوو بۆ وەرگرتنی خوێندکاران لە کۆلێژەکان و پەیمانگاکان .
6- کاری شانۆیی ببێتە پیشە هەوڵ بدرێت نمایشە شانۆییەکان بە سپۆنسەرو کەرتی تایبەت بێ.
7- پێداچونەوە بە یاسی مۆڵەتی تیپ و گروپە شانۆییەکان هەڵ و بردرێت لەو پەرتەوازییە رزگار بێت.
8- دەرچوانی پەیمانگاو کۆلێژە هونەرەکان لە ناو شار دابمەزرێن بەتایبەتی دەرچوانی بەشی شانۆ.
9- بەمەبەستی چاک کردنی بژیوی ژیانی شانۆکاران یاسای خانەنیشنی هونەرمەندان جێبەجی بکرێت.



10- هەوڵبدرێت پاداشتی شانۆکارانی ئافرەت وەکپێویست بێ .
11- پەیوندی نێوان شانۆکاران لە شارەکان زیاتر بێ ئەویش لە ڕێگەی نمایشی شانۆیی ، ساڵانە فیستیفاڵی شانۆیی لە شارەکان سازبکرێت بۆ ئاڵگۆرکردنی ئەزموونەکانی یەکتر.
12- هەڵ و بدرێت کۆنتاک زیاتر لەگەڵ مەڵبەندی جیهانی شانۆدا(iti)بکرێت.
13- ساڵانە پێشبرکێ بۆ نوسەری دەقی شانۆیی هەبێ چاکترین دەق خەڵات بکرێت بەتایبەتی دەقی شانۆی منداڵان.
14- ساڵانە خەڵاتی چاکترین دەرهێنەرو ئەکتەری کوروکچ و چاکترین رەخنە گری شانۆیی دەست نیشان بکرێت.
15- کردنەوەی ستۆدیۆی مەشق کردنی ئەکتەر .. دانانی دەرماڵەی هونەری بۆ شانۆکارانی مووچە خۆر وەک تەندورستی و پەوەردە...
**خەلیل یابە**

من وای دەبینم ئەو کەسەی بە دیدار هەڵدەستێ لەگەڵ شانۆکاران دەبێت لایەنی حزبایەتی فەرامۆش کات و دەبێت لە پێناو شانۆ بێت و وە ئایا ئەو کەسە خۆی شانۆکارە یان حەز بە شانۆ دەکات ئەگەر بەرپرسیش بێت.
ئەو دیدارانە لەگەڵ شانۆکارانی رابردوو مەکە چونکە هیچی پێ نەماوە و هیچیان پێ ناکرێ و هیلاک بوونە و تەنها دەزانن نان بخۆن و خەڵات وەرگرن وەک ئەحمەد سالار و ئەرسەلان دەروێش ئەوانە کاری شانۆیی دەکەن و نەوەی کۆن ڕێزیان لێ بگیرێ و خەڵات بکرێن.
بەرای خۆم هەتا بکرێت روو لە نەوەی نوێ بکرێت بۆ نموونە کارۆخ ئیبراهیم و ئەوانەی لە تیپە شانۆییەکان کار دەکەن با لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە پلانی یەک ساڵ بۆ شانۆ دابرێژرێت و پارەکی باشی لۆ تەرخان بکرێت و وەزیری رۆشنبیری لەگەڵ تیپەکان کۆببێتەوە و داوا لە تیپەکان بکات لە ماوەی سێ مانگ خۆیان رێک بخەنەوە و شانۆیەک پێشکەش کەن و وەزیری بڵێ خەمی پارەتان نەبێت و با چوار تیپ شانۆگەریی بکەن و لەماوەیەکی نزیک هۆڵەکان پر دەبن لە خەڵک.
وە وەزیری رۆشنبیری داوا لە شانۆکاران بکات خۆیان بۆ دەقێک ئامادەبکەن و هەموو شانۆکاران بەشداری لە شانۆیەکی گەورە و زەبەلاح بکەن و مەبەستم هەموو شانۆکاران لە یەک دەقی شانۆیی بەشداری بکەن و دەقەکان ئەحمەد سالار و ئەرسەلان دەروێش ئامادەی بکەن و زۆرجار کە دێمەوە کوردستانی ئازیز لە شانۆکارانە دەپرسم لۆ کارتان نییە وەلام نادەنەوە دیارە بەهۆی نەبوونی پارەیە

بەخوای من گەرامەوەش لە سوید تامەزرۆی شانۆم و داوام کردووە بەڵام کە س ئامادەیی دەرنەبڕیووە بۆ شانۆ.
دەڵێم خۆزگەم بەو ڕۆژانەی کە بەبێ بەرامبەر شانۆمان دەکرد و بەڵام ئێستا تێرین حکومەت زۆری کردووە بۆ هونەرمەندان و ئومیدەوارم تۆش سارکاوتوو بیت لەگەڵ حکومەت چونکە بە حکومەتی خۆمی دەزانم و لەوانەیە هەندێ وشەم هەڵە بێت داوای لێبوردن دەکەم.

**شوکروڵا شێخانی**



هەڵبەتە بەستنی ئەو دیدارو کۆنگرانەی کە تایبەتە بە هونەری شانۆ
بە یەکێک لەهاوسەنگی ئەو بنەمایە دادەنرێت کە ڕەوتی شانۆ دەباتە ڕێوەلە ڕووی زانستی و هونەرییەوە.
بەڵام پرسیارەکەی ئێمە لێرەدا ؟؟
ئایا هەمووئەو دیدارو کۆنگرانەی کەلەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و هەر دام و دەزگایەکی تری هونەرییەوە لە کوردستاندا دەبەسترێت لەسەر چ بنەمایەک دەچیت بەرێوە؟؟
ئایا هەموو ئەو بەرێزانەی کە پرۆسەکە دەبەن بەرێوە بە ڕاستیی هونەرمەندی شانوکاری بە ئەزمون و خەمخۆری بوارەکە ن؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟//؟
ئایا بەستنی ئەم دیدارانە تەنها و تەنهابۆ یەکتر ناسین و بە هەدەر دانی پارە نییە؟
ئایا لە ڕاستیدا ئامانجی سەرەکی ئەم دیدارانە لە ئەنجامی کێشەیەکی گەورەی شانۆوە دروست دەبێت؟؟ یان ناو بە ناو دیدارێک بە بێ خۆ ئامادە کردنێکی پێیش وەخت دەبەسترێت و بە هەوای هاوڕێییەتی و کەسایەتی دەجێت بەرێوە لە میواندارییەکی سەرپێی زیاتر هیچ بەجێ ناهێلێت.
هەر بۆیە ئەم جۆرە دیدارانە سیمایەکی جیاوازتری نیە لەهاو شێوە ئەو شانۆییانەی کە زۆر بە پەلە و خێرا بۆ بۆنەیەکی هونەری یان بۆنەیەکی نەتەوەیی وەک چالاکیەکی سالانە ئەنجام دەدرێت و تۆز و خۆڵێکی زۆر لە دوای خۆیەوە بەرز دەکاتەوە .
هەروەک ئەو سیستمە بەزۆرەی کە لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە بۆ تیپ و سەنتەرە هونەرییەکان دانراوە سالانە ئەو برە پارەیەی کە دەیاندرێتێ بۆ پێداویستی نشینگە و بەرێوەبردنی کاروباری رۆژانەیان ئەگەر لەسالێکدا هیچ پرۆژەیەکیان نەبوو دەبێت ئەو هاوکارییەیان ببڕیت و ئیدی بوەستێنرێت ئیتر گرنگ نییە پرۆژە زیاترت بۆ خەرج ناکرێت چونکە ئەم پەیرەوە ....... نازانستییە ئەوەندە قبوڵ دەکات کە هەموان دەبێت سالانە وەک یەک کاربکەن وەک یەک هونەرمەندبن و وەک یەکیش ژمارەی چالاکیان هەبێت چۆن وێنەی سەرەی وەرگرتنی بڕی خۆراکی مانگانە کە هەموو هاولاتییەک بۆی هەیە لە مانگێکدا یەک جار ئەو برە خۆراکیە وەربگرێت خۆ ناکرێت لە مانگێکدا دوجار بێت .
جا سیستمێک بەم شێوەیە مامەڵەت لەگەڵ بکات چۆن پرۆژەکە خزمەتی هونەرو شانۆ دەکات یان نایکات ؟؟
گرنگ نیە ئەو پرۆژەیە یان ئەو شانۆییە بۆچی و لە کوێ و بۆ چەند ڕۆژنمایش دەکرێت؟؟
واتە گرنگ ئەوەیە تۆ بەرهەمێکت لە و ساڵەدا هەبێت و هەموو پسوڵەکانت پاکتاو بکرێت ئیدی توانات هەبێت یان نەتبێت ئەوە کێشەی ئەو نییە وەک ئەوەی تۆی هونەرمەند نە پیویستت بە داهێنان و نە ئیلهام و نە بیرکردنەوە و نە کات هەیە تۆ کەی فەرمانت پێکرا دەبێت نمایش بکەیت بە بێ چەند و چۆن ئەگەریش نەت توانی دەکرێت وازبێنیتو دەرگای تیپەکەت یان سەنتەرەکەت داخەیت......خۆ ئەگەریش وا ڕێکەوت تۆ لە ساڵێکدا توانیت دوو تاسێ پرۆژەی هونەریت هەبێت ئەوە بە هیچ شێوەیەک لە یەک دەتوانێت دیدارێکی پڕ لە خواستی شانۆکار بە ئەنجام بگەیەنیت؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟ چونکە لە بنەڕەتا دیدارەکان ئامانجدار نین تا بتوانرێت ئاستەکەی دیاری بکرێت و پێگە و زەمینە بۆ شانۆکاربرەخسێنیت ...... بەڵگەشمان هەموو ئەودیدار و کۆنگرانەن کە تا ئێستا نەیان توانیوە هەنگاوێک ڕەوتی شانۆی کوردی بەرەو پێش بەرن و هیچ بەیان نامە و پەیام و یاداشتێکمان جی بەجێ نەکراوە بۆیە بۆ ئەمڕۆ هەموو ئەو دیدارانە نەک هەر سودی نیە بەڵکو زەرەرەومەندیشە.

**گەزیرە عومەر**

دیداری شانۆی لەنێوان شانۆ کارن دا شتێکی باشە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیرو راو بۆچوون..بەس کە

لایەنێکی وەک وەزارەت پێی هەڵدەسێ ئەوە دەبێ لە دوو خال خۆی ببینێتەوە

1- یان ئەوەتا وەزارەت بە پێشنیارێکەوە گۆنگرەکە دەست پێبکا کە دەیانەوێ چی بکەن و هۆکاری ئەو گۆنگرەیە چیە؟

2- یان ئەوەتا کاربەدەستانی وەزارەت و بەرێوەبەرایەتییەکان ئامادە بن و خاڵە پێشنیار کراوەکانی شانۆکاران جێبەجێ بکەن.

زۆر کۆنفراس و گۆنگرەی لەو شێوەمان بینی بەس لەکۆتایی کار ئاسانی بۆ شانۆکاران بکات لە بەرێوە بردنی کارەکانیان ،بەتایبەت کە ئەتەوێ نمایشێکی شانۆیی بکەی هەر لەپارە برینەوە تا دەگاتە هۆڵ و کاتی نمایش توشی هەزارەها کێشەو بینەو بەردەت دەکەن دەکرێ وەزارەت لە خۆیەوە دەست پێبکا کە کێشەی شانۆکاران و شانۆ چیە.. لە هەزارەها دیدار باسی نەبونی هۆڵ کراوە کووە هەولەکانی وەزارەت بۆ دروست کردنی هۆڵی نمایش ،،کوا پێداویستی ناو هۆلە کۆنە شانۆیەکانمان وەک روناکی



و پەردە و شوێنی دانیشتن . چەندین پرۆژە دراوەتە دەست وەزارەت کوا چیان لێهات،،ئیشی راوێژکارە هونەریەکان چیە لە وەزارەت ؟ من هەنگاوی بەرەو پێش بردنی شانۆ لە چارەسەرکردنی ئەو خاڵانە دەبینمەوە نەک لە کۆبونەوەی هونەرمەندان .

چی کرا؟

کوا ئەنجامی دیدارە شانۆیەکانی تر ؟

لەسەر چ بنەمایەک بەشداربووان لە شارەکان هەلبژردران ؟

ئەوەی من ئاگادار بووم کۆمەڵێ کەسانی شارەزا لەو بوارە بانگێشت نەکرابوو. دەکرێ دیدارەکان فراوان بکرێ هەرکەسێ پێشنیاری هەبێ بتوانێ قسە بکات نەک لەسەر ئەساسی شار و شار بانگێشت بکرێن...

لەگەڵ ئەمانەش ناکرێ ئەوە بە شتێکی خەراپ وەسف بکەین دڵنیام کە کەسانێک ماندوو بوون لە ئامادەکردنی ئەو دیدارە .

بەڵام من ئەمدیدارانە زیاتر بۆ ئاشت بوونەوەی شانۆکاران دادەنێم و نەک هەولێک بێ بۆ بەرەو پێش بردنی شانۆ لە کوردستان .وەزارەت دەکرێ

**دیار عومەر**

دیارە کێشە و گیر و گرفت و لەمپەر یان کەمکوری هەموو کایەکانی ژیانی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە، هیچ بوارێک نییە کە بێبەری بێ لە کێشە و لەمپەر . هەر بۆیەش بیرکراوەتە لە چارەسەر و سنوردانان و کۆنترۆڵکردن و بەرگرتن لە زیاتر تەسەنەکردنی لەلایەن کەسانی زانا و رۆشنبیرو تایبەتمەند بەو بوارە لە دێر زەمانەوە بۆتە کارێکی حەتمی و بەرچاو ، کە هەستاون بە لێکۆڵینەوە و دیاریکردن و دەستنیشانکردنی کێشە و ئامانجی لێکۆڵینەوەکە و پاشان دیاری کردنی چارەسەر و رێگای لێدەرباز بوون لەو تەنگژەیە.

بواری شانۆ و شانۆی کوردیش بەتایبەتی یەکێکە لەو بوارانەی کە دووچاری ئەو کێشەو تەنگژە (وەک هەندێ بە قەیران ناوی دەبەن) بووە، دیارە زۆر لایەن و دەزگاو کەس، چ بە نووسین و بڵاوکراوە، چ بە سازدانی کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینار و دیدار، بیریان لەوە کردۆتەوە کە ئەو کێشە و گرفتانە چارەسەر بکەن، و بەر بە زیاتر تەشەنە کردنیان بگرن. ئەمە کارێکی باش و ئیجابیە و هیچ کەس نییە کە بتوانێ ئەو هەوڵانە ڕەتبکاتەوە. بەڵام لێرەدا پرسیارێک قوت دەبێتەوە، کە تا چەند ئەو هەوڵانە لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکان بە هەند وەرگیراون و خراونەتە نێو کارنامەی کاری پراکتیکی؟ بۆ ئەوەی لەهەر دیدار و هەوڵێک کە دەدرێت بەلانی کەم بەشێکی ئەو کێشەو گرفتانە چارەسەر بکرێن و چیتر کەڵەکە نەبن و بوار نەدرێت کێشەی نوێتریشی بێتەسەر . دیارە چەند دیدارێک لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری سازدراوە بۆ ئەم مەبەستە، گومانیش لەوەدا نییە کە کەسانی شارەزا و پسپۆر بەشدار بوونەوە لێکۆڵینەوەی زۆر باش و جدی خراونەتە روو، کە پەنجەیان خستۆتە سەر برینەکان ، شتی زۆر باش وروژێنراوە، بەڵام دوای کۆتایی دیدارەکە کەس بەلای ئەو ئەنجامانەدا نەچووە ولێی نەپرسیتەوە. بۆ نموونە ئەو دیدارەی( تیپی شانۆ سالار) کە لە شاری سلێمانی سازیدا بوو . چەندین لێکڵینەوەی باش و زانستی لەسەر چەندین تەوەر و کێشە و بەرنامەی نوێ و چەندین راسپاردە خرانەروو، بەڵام هەر لەدوای تەواو بوونی دیدارەکە و هاتنە دەرەوەی

بەشداران لە هۆڵی کۆبوونەوەکە هەموو ئەو هەوڵانەش پەردەیان بەسەردا درایەوە و داپۆشران . وەک ئەوەی کە هیچ شتێ رووی نەدابێت. وەزارەتی رۆشنبیری و دەزگا تایبەتمەندەکانی شانۆ لێیان نەپێچایەوە و بەدوایدا نەچوون. دیدارەکانی وەزارەتی رۆشنبیریش بەهەمان شێوەن، بەڵکو زۆر خراپترن، چونکە رێکخەرانی ئەوان وەک دەڵێن تەنها بەردەمی خۆیان دەبین، مەبەستم ئەوەیە کە تەنها حساب بۆ شارە گەورەکان دەکەن ئاوڕ لە شار و شارۆچکەکان نادەنەوە ، چونکە بەحسابی ئەوان شانۆ تەنها لە پارێزگاکان هەیە و قەزا و ناحیەکان شتێکی تێدانییە بەناوی شانۆ، هەرچەندە ئەگەر بەجدی ئاوڕ لە شار و شارۆچکەکان بدەینەوە بۆ مان دەردەکەوێت کە توانای زۆر گەورەی تێدایە و لە زۆر لە ڤیستڤاڵەکانیش سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێناوە، ئەگەر لایان لێ بکرێتەوە ئەوا دەتوانن رۆڵی گرنگ ببینن لە بەرەوپێش چوونی رەوتی شانۆ شانبەشانی شارە گەورەکان. هەرچەندە لەوانەیە وادەرکەوێت کە لەتەوەرە سەرەکییەکە لامداوە، بەڵام لەڕاسنیدا ئەمەش بەشێکە لە کێشە و گرفتەکە کە دیداری لە پێناودا سازدەکرێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر بتەوێ بەشێوەیەکی سەرتاسەری و بنەرەتی لە کێشەکە بگەی بە شێوەیەکی گشتیش چارەسەری بکەی ، ئەوا دەبێت ئاگاداری کێشەی هەموو کونج و کەلەبەرێکی کێشەکەش بیت و دەبێ بۆ ئەم دیدارانە کەسانی شارەزا و پسپۆری ئەو ناوچانەش بانگ بکرێن و قسەیان لێوەربگیرێ و گوێ بۆ ئیش و ئازارەکانیان هەڵبخەن . .

لە کۆتایی دیدارەکانیشدا لیژنەی بەدواداچوون دابنرێت بۆ ئەوەی هەموو راسپاردەکان و بڕیارەکانی ئەم دیدارە کە کات و توانا و دارییەکی زۆری لێ خەرج دەکرێت بخرێنە واری جێبەجێکردن و لە دیداری داهاتوو بەر لە هەموو شتێ لەوە بکۆڵرێتەوە کە تاچەند بڕیار و راسپاردەکانی دیداری ڕابردوو جێبەجێ کراون. خۆ ئەگەر بەم شێوەیە نەبێت، کە وانەبووە، ئەوا نەکردنی زۆر باشترە لە کردنی. با ئەو هەموو داراییەی کە لەو دیدارانە خەرج دەکرێت هۆڵێکی شانۆی پێدروستبکرێت گەلێک باشترە..

**کەیفی ئەحمەد**

ئێمە پێمان وایە کە هەتا ئێستا سەرجەم دبداراه کان بێ بە دوادا چوون پێکهێنرا بۆ ئە وەی بە دوادا چوون بکات لە سە ر بڕیارو راسپاردەکان بەڵام هە تا ئێستا لیژنەی ناوبراو چاوەروانی وەزارە تی رۆشنبیری دەکات کە هاوکاری بکات بۆ بە دواچوونی بڕیارو راسپاردەکان .

من "نیازلەتیف" یەکێکم لە ئەندامانی ئەو لیژنەیە پەیوەندیم بە کاک یوسف عوسمان نەوە کردوە بۆ ئە وە ی چیتر چاوەروان نە بین ، چونکە زیاتر لە مانگێک بە سەر دیدارەکە دا تێبە ریوە و هیچ کارێک لە سەر داواکاریە



رنامە و کوتوبر بووە ئە مە جگە لە وە ی کە لە هیچ دیداریکدا لایە نەپەیوە ندیدارەکان نەخۆیان نەنوێنەری بڕیار بەدەستیان لە دیدارە کاندا ئامادە نە بوون هە روەک لە دوادیداردا کە لە هە ولێر ساز کرا .

لە بەر ئە وە وەزارە تی رۆشنبیری و سە ندیکای هونەرمەندان و ئە نجومەنی وە زیران و پەرلەمان بە ئۆبوزیسونیشەوە شتێک نیە بە ناوی شانۆوە لە کارو کارنامە یاندا .

من پێم وایە ئەو بۆچون وراسپاردانە ی دوا دیداری هەولێر ئەگەر لایەنە پەیوە ندیدارەکان و شانۆ کاران کاری بۆبکەن زور لە کێشە کانی شانۆ چارە سەر بکریت یان هیچ نە بیت لە لێواری مە رگ دووری دە خاتە وە .

بێگومان لەو دیدارە لیژنە یەکی بە کان نەکراوە .

ئەمە جگە لە وەی هونەرمەندان و دەزگاکانی راگەیاندن و گروب وتیبە شانۆیە کان لە سە رجەم پارێزکاگانی کوردستان بە رپرسیاریەتی مێژووی دەکەوێتە سەریان بەرامبەر ئەوقە یرانەی کە تووشی شانۆیان کرد .

دێمە سەر داموودەزگاکانی راگەیاندن هیچ کار لە سە ر ئە م کارە گرنگە ی هونەر ناکەن کە شانویە ، هیچ کرنکی بە برسی شانو نادە ن .

لەبەر ئەوە ئێیمە گەش بین نین بە ئێستای رەوش و نەهامە تیەکانی شانۆ . دەبان جار لە نووسین و چاوبیکەوتنەکانمدا ووتوومە وئێیستاش جاریکی تر جەخت لە سەر ئەوە دەکەمە وە کچارە سەر کردنی کێشە کانی شانۆ لە دیداریکدا لە وانەیە چارە سە

ربکرێیت که نوییێنەری سه رجه م لاینەکا ن به بریاره وه ئامادەبن مەبەستم له سەرۆکایه تی هه رێم و پەرلەمان و ئەنجومه نی وه زیران و سەرجەم وه زاره تەکانی رۆشنبیری وخوێندنی باڵاو پەروەردە و دارایی و شارەوانی لایەنه پەیوه دیدارکان به بریاره وه پشتیوانی له داخوازیه کانی هونەری و تەکنینکی و دارای وسەرجەم پێویستیەکانی ئەمرۆی شانۆبەن ئەو کاته پێم وایه شانۆ بگەرێتەوه وه دۆخی جارانی .

**نیاز و رووبار**



بەراستی لە زۆربەی دیدارەکان بەشداربومه به لام زۆر بەداخەوه تەنها ئەو دیدارانا بۆ تەسفیەکردنی حیسابت دەکری هەتا ئیستا یەک دیدار نەکراوه و ئەنجامی هەبیت مجرد وەک کەشتیک یان کوبونەوەیەک بۆ هاوریان بەلام ئەکەر دیداری شانۆیی بەراستی بکریت ئەوه دەبیت لایانی حکومی ئامادەبی وبریارەکان جیبەجی بکرین نەک ئیمه دادەنیشن دوای بەیانامەیک دەردەکەن بۆ راکەیاندن دوای هیجی تر ناکری بیم باشه دیداری شانۆی بکریت تایبەت لەسەر جونیتی بەریوەبردنی تیبەکان ئەوانەی مالی ئەوەن تیب بەریوەبەرن وتیب دامەزرنین وهەروەها له سەر نەبونی رەخنەکری راستقینه نەک هاوری وهاوریتی کردن رەخنەی راستەقینە و لەسەر یەک جاوی سەیری کروب وتیبەکان وهاوکاری کردنیان

**عبدوللا کاکەیی**

سازدانی دیدار زۆر پێویست و گرنگه بۆ کێشەکان و قات و قریەکانی ئەمرۆی شانۆی کوردی دەبینین دوای جیهانگیری و لێشاوی تەکنەلۆژیا بزاڤ و کوالیتی شانۆی کوردی یان دەتوانم بلێم شانۆ به گشتی رووه و کزیه بۆیه سازدانی دیداری شانۆیی پێویست تره له بزاڤی شانۆیی بەڵام چۆن دیدارێک ؟بەچ شێوەیەک؟

بابەتەکان و تەوەرەکان لەراژه و تەکانێک بێتن و رێو شوێنێک بیتن بۆ باشتربون و دۆزینەوەی قەیرانی کوالێتی شانۆیی و گەرانەوەی جەماوەر بۆ بینینی شانۆییەکان سازدانی دیداری شانۆیی بۆئەمرۆی ئەزمەی شانۆ زۆر گرنگ و پێویستە.

بەڵام بەهاوکاری و هەماهەنگی هەموو لایەنەکانی پەیوەست بەم بواره و ئامادەگیان و به تایبەتی وەزارەتی رۆشنبیری بەتەواوی گوێ له تەواوی راسپاردەکانی لیژنەی دیدار رەچاو بکات وەک بەرنامه و کارکردنی ئاییندەی بەرنامەی کاری شانۆکاران لەبەرچاو بگیرێت تا ئیستا ئەو دیدارانەی بەستراوه له پەنچەکانی دەست تێپەر نابێت وەهیچ کاردانەوەیەکیمان لێبەدی نەکردووه وه تاکو ئیستاش بەلاغی کۆتایی هیچ دیدارێکمان نەبینیوه کەوا بەرنامەیەکی تۆکمەی هەبێت و ریوشوێنی پیچویست دابنێت بۆ کاری جوان و پر داهێنان و گەرانەوەی جەماوەرو رۆلی شانۆ له کۆمەلگەی کوردەواری

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەو دیدارانه ئەنجامی نەبووه و هیچ تەکان و پێشوەچونێکی نیشانەداوه بۆ شانۆ ئەگەر بکرێت بانگەوازیک بلاوبکریتەوه بۆ تەواوی شانۆکاران بۆبەشدار بوون پێشتر چەندان کۆبونەوه له شارەکان بکرێت و تەوەرەکان دەستنیشان بکرێت وه شارەکانیش له نێو تەواوی شانۆکاران چەندان سیمینار سازبدرێت و خۆئامادەکردن بکرێت بۆ ئەو دیداره.

سەرجەم دامودەزگای حکومی نزیک بەو بواره و پەیوەستبوون به کارو چالاکی و ئاسانکاری دەیان گرێتەوه پێویستە لەسەرووی خۆیان به جدی گوی له داخوازیەکان بگرن و رێوشوێنی تەواوی پێویست که دەیان گریتەوه کاری تەواوی بۆ بکەن لەسەرەوه دامودەزگای موختەس بەو بواره چاوەروانی بەیانی کۆتایی و داخوازیەکانی شانۆکاران بگیرێت. پێویستە دیدارێکی گشتگیری بێت له تەواوی شانۆکارانی ناوه و دەرەوەی کوردستان بەتایبەتی ئەوانەی زیاتر خەمخۆری ئەو بوارەته و شارەزا و لیهاتون بۆ قسه لەسەرکردن و بەشداری کارایان هەبێت ،تەواوی گفتوگۆ و راکانی ناو دیدار چاپ و بلاو بکرێتەوەوەک دیکۆمێنت بۆ ئەرشیفی شانۆی کوردی بمێنێتەوه.

**قاسم نوری**

سەبارەت به بابەتەکه بێگومان گرنکی دان بەهەربابەتیک و بەرنامەیەک بەرهەمی باشتری بەدوادا دێت و هەولی جدیش پلەنرێکه بۆسەرکەوتنی بەرنامەی کارەکە بەڵام بەمەرجێک هەوڵی



شانۆی هەولێر

ئەوە بدرێت ئاستی بەرهەموو جۆری بەرهەم پۆلین بکرێت لەگەڵ تەکنیک و شێوازو تازەوە بەرجەستە بکریت بەجۆرێک بینەری بورژێنریت و هەست بە تازەگەریەکی جوان و قبوڵ کراو بکات نەک شت فەرزکەیتە سەربینەر بەبێ ئەوەی بینەر بکاتە ئاستی ئیشەکەو خواستی خۆی نەبینی و بەجۆریک نابەدڵی کاتی بەسەربباتت لەهۆڵی شانۆ یان لەچالاکیە هونەریەکانی شانۆ.

هەوڵدان و دەست نیشانکردن و چارەسەر هەنگاوێکی جدیە بۆ جوڵاندن و وورووژاندنی هزری بینەر پێویستە هونەری شانۆ قوڵ بکرێتەوە بۆ ئاستی بچوکترین بینەری کە مندالانی باخچەکانی ساوایانە بەجۆریک شانۆیی سێرک و کۆمیدیای بۆ نمایش بکەیت تاکوو رۆشنبیریەکی بتەویی شانۆیی هەبیت و لەگەڵیا پەروەدە بێت .

**ئەردەوان سابیر**

وەزراتی رۆشنبیری لە دیداری شانۆییدا دیارە زۆر کاری جۆراوجۆری چەندەها کۆڕو کۆبونەوەو ڤیستیڤاڵ و چالاکی هونەری شانۆیی لە هەرێمی کوردستان ئەنجام داوە.. بەڵام هیچ گۆرانکایەک یان پێشکەوتنێک لەم دیدارە شانۆییانە خزمەتی شانۆی کوردی نەکردوە نمایشەکان وەکو رەچاو دەکرێت هەر لاسایی کردنەوەو یان دەقە بێگانەیی نمایش دەکرێت.. ئێمە هەردەم پشتمان بە دەقی خۆمان نەبەستوە .. یاخود لە قوتابخانە هونەرییەکاندا تەنانەت فەرهەنگیکی نیە یان سەرچاوەیەک نیە کە کرابێت بە فەرمی و قوتابییانمان ئاشنا بن کە چۆن شانۆیی کوردی سەری هەڵداوە هیچ زانیاریەکیان لە رابردووی شانۆیی کوردیان نیە. هەست دەکەم خەمخۆری شانۆمان زۆر کەمە بەها پیرۆزەکانمان لەدەستداوە ئەوکەسانەی دڵسۆزی شانۆن بە پەنجەی دەست دەژمێردرێت.. ئەو دیدارا شانۆیانەی دەکرێن تەنها بۆ پارە سەرف کردن پارە بەهەردەر دانە چەند کەسێک لەرێگەی ئەم دیدارانە سوود مەندی مادی دەبن پارێکی زۆر بۆ ئەم دیدارانە دابین دەکرێت، بەڵام هیچ گۆرانکاریەک لە شانۆدا بەدی ناکەم..من بەچاکی دەزانم کە:

- گرنگی بە دەقی خۆماڵی بدرێت.
- لەکاتی ڤیستیڤاڵەکان لیژنە هەبێت کە هەڵسەنگاند بۆ نمایشەکان بکات.
- ساڵانە خەڵات پێشکەش بە ئەکتەرو دەرهێنەرو داهێنەر بدرێت لەگەڵ بواری تەکنیکی.
- بەشدار بوونی سەرجەم شانۆکارانی کوردستان لە دیدارە شانۆیەکان.
- بەدواداچونی جەدی بکرێت بۆ سەرجەم راسپاردەکان و پێشنیازەکان.



**مەی کەریم ئەحمەد**

سەبارەت بە دیدارە شانۆییەکانی کە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەریمی کوردستان سازی داون ئەوەی من ئەگاداری بم لە دوورەو یان لە نزیکەوە ساڵانە یاخو چەند ساڵی جارێک دیداری شانۆیی ئەنجامدەدات بە کۆبونەوەی شانۆکارانی کوردستان پێش ئەوەی باسی باشی یان خراپی یان تاچەند گۆڕانکاری کردووە حەزدەکەم باسی ئەوە بکەم لە بانگێشت کردنی هونەرمەندانی جدی وباش لە شارەکان کەمتەرخەم بوو ئەو دیدارانە کراوە کە کە وەزارەتی رۆشنبیری کردوویەتی کێشە لە بانگێشت کردنی شانۆکارانی جدی زۆر جار بێ خەبەر بوونە نمونەت بۆ دینمەوە کاتی دیداری شانۆی دەکرێت زۆرجار لە رێگای رەفاقەتەوە بانگێشتی هونەرمەندانی شانۆکاری شارەکانی تر دەکریت واتا پێوەرێک نییە یان لە سەر ئەساسی بنەمای ئەکادیمی و بنەمای ئەزمونی باش نییە زۆرجار لە رێگای سەندیکای هونەرمەندان یان لە رێگای کەسێکی دیاری کراو بانگێشتە کە کراوە ئیتر سەندیکا بەس ئەندامانی خۆی دەنێرێت یان ئەو کەسە بە میزاجی خۆی کەسەکان هەڵدەبژێرێت کە ئەمە گەورەترین کێشەی دیدارە شانۆییەکانە کە دواتر زەرەری دەبێت بۆ دیدارە شانۆییەکان ئەمە یەکێکە لە خاڵی لاوازو خراپەکانی وەزارەتی رۆشنبیری کە سەبارەت بە دیدارە شانۆییەکان

دواتر باس لە دیدارە شانۆییەکان بکەین ئەوەی من تێبینیم کردووە تەنها بۆ چەند رۆژێکی و جەو گۆرینی شانۆکارانە و هیچی تر راستە باشی ئەوەی هەیە کە شانۆکاران یەکتر دەناسن بەڵام ئەمە هیچ خزمەت بە شانۆی



کوردی ناگەیەنی لە دیدارە شانۆییەکان و پەنچە دەخرێتە سەر هەموو کێشەکانی شانۆ و قسەی لە سەر دەکرێت تاوتوێ دەکرێت و مناقشەی دەکرێت وهەندێک جار چارەسەری بۆ دەبنرێتەوە بەڵام تەنها ئەو رۆژانەیە کە لە هۆڵەکە قسەی لە سەر دەکرێت وتەواو کە دیدارە شانۆییەکە تەواو بوو ئیتر ئیشی لە سەر ناکرێت هەموو جار و بەتایبەت ئەم دیدارە شانۆیەی کە دواجار کرا زۆر کێشەچارەسەری بۆ دۆزرایەوە کرایە سەر کاغەز و بەبەرانامە دیدارەکە بەرێوەچوو بەڵام دوای دیدارەکە کە شانۆکاران چونەوە بۆ ماڵ هەمووی کرایە ناو سەلەی خۆڵ خاشاک چونکە هیچ کاری لە سەر نەکرا و هیچ شتێک چارەسەر نەکرا من دەڵێم ئەگەر ئاوابێت ئەو دیدارە شانۆییانە بەم شێوەیە بێت نەکرێت باشترە و بۆ چەند رۆژێک شانۆکاران هیلاک نەکرێن و لە کاری هونەریان پەک نەخرێن باشترە چونکە ئەگەر تەنها قسە بێت جیبەجێ نەکرێت من دەڵێم دیدارە شانۆییەکان نەکرێن لەبەر ئەوەی ئەوەی لەم دیدارە شانۆییە تیبینیم کردو هەستم پێ کرد دیدارە شانۆییەکان ململانێ نێوان شانۆکارنی شارەکانی کوردستان و ئەو دیدارە شانۆییە دەبێتەسەکۆیەکە بۆ شەرەکانیان و نیشان دانی عەرزی عەزەڵات و دەبێتە هۆی دوو بەرکی و بەرتەوازەی شانۆکارانی کوردستان بۆیە دەڵێم نەکرێت باشترە سوپاس.

**نەژاد نەجم**

من پێم وایە ئەو دیدارانە باشن ئەگەربێت و باشترکاری بۆبکری بۆنمونە زیاتررێ بۆگەنجان خۆش بکری لەودیدارانە تاوەکوبەشداربن یان بەشێوەیک کە جێ پەنجەیان دیاربیت رەنگە تائێستاهەندی لەکێشە کانی شانۆچارەسەرکرابیت بەڵام ئەگەربڵێن هەموی ئەوەبێگومان راست نیە لەگەڵ ئەوش ئەو دیدارانە هەرهەبیت لەنەبونی باشترە بەهیوای باشترکردن وچاودێری زیاتر بۆکارەکان.

**جوتیارساڵەیی**

ئەگەربێتوبەشێوەیکی کراوەبێت نەک تەنهابۆچەندکەسێکی داوەت کراوبێت بۆبەرەوبیش بردنی شانۆش دەکری بڵێم کاریکی باش بۆئەوە کراوە کەهەر کەمیکیش بێ لەوبینەرە تۆراوە بینیتەوە ناوهۆڵەکان بەرای من هەرهەبێ باشە دەس خۆشیان لێ ئەکەم بەهیوای ئەوەی کەساڵ بەساڵ باشتر بێ.

**سایە حسێن**

